تەجرەبەی گەلانی دونیا نەدەزانی، ئێمە تۆزێک لە سنوورێکی تەسکدا ماوینەتەوە، بەڵام ئەگەر یەکێک بیەوێت کار بکات، من هەست ناکەم هیچ ئاستەنگێک هەبێت نەهێڵێت ئەو کارە داهێنەرانە بکات. بەپێی زانیاریی من تا ئێستا لەم کوردستانە تەنیا یەک کەسێک لەسەر بیروبۆچوونی خۆی زیندانی نەکراوە، پێشموایە ئەو ئازادییەی لێرە، واتە لە کوردستانی خۆماندا هەیە، ئەگەر ٥٪ لە تورکیادا هەبووایە کێشەی کورد لەوێ چارەسەر دەبوو، ئەگەر بچینە ناو قووڵایی مەسەلەی ئازادییەوە زۆر شت هەڵدەگرێت قسەی لەسەر بکەین، بەڵام کە لێم بپرسیت ئایا ئازادی هەیە، دەڵێم ئەرێ ئازادییەکی ڕەها هەیە.

*پ: ئەو ئازادییە تەنیا بۆ تۆیە وەکو هونەر سەلیمی دەرهێنەری کوردی خاوەن چەندین خەلات، یا بۆ هەموو هونەرمەندێکی کورد؟*

و: ئەوەی من بزانم بۆ هەموو کەسێکە، بە مەرجێک ئەو کەسە حورمەت بۆ ئازادی خۆی دابنێت، ئەو کەسەی ئازادی خۆی دەپارێزێت و داکۆکی لێ دەکات.

*پ: پێتوایە بەو ئازادییەی لە کوردستاندا هەیە، نەوەیەکی تازەی هونەری داهێنەر لە کوردستاندا بێتە پێش؟*

و: بەڵێ پێموایە ئەو نەوەیە دروست ببێت بەڵام نەک بە دوو ڕۆژ. پێموایە ئەگەر مەهاتما غاندیش بێتە ناو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووەوە و بیەوێت بیکاتە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بێگومان بە دوو ڕۆژ پێی ناکرێت، ئەوە زەمەنێکی دووروودرێژی دەوێت، بەڵام سەرکردایەتیی کورد ئەگەر بیەوێت کۆمەڵگایەکی شارستانیی مۆدێرنی پێشکەوتوو لە کوردستان پاش بیست ساڵی تر بێتە کایەوە دەبێت لەمڕۆوە دەست پێ بکات. ئێمە دەبێت ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆماندا و بەڕاشکاوی بڵێین کە ئێمە میللەتێکی دواکەوتووین، سینەما عەیبە، ئەکتەری عەیبە، هونەر عەیبە، نابێت بکرێت، زۆر کەس لەوانەی ئەخلاق دەفرۆشن چ بە ناوی ئایینەوە یا هەر ناوێکی ترەوە بێت، ئەوانە مونافقن. ئێمەش خۆمان هێشتا ئەو جورئەتەمان نییە ئازادی قبووڵ بکەین لەناو کۆمەڵگەدا. کۆمەڵگەی مەدەنی مومکین نییە دیکتاتۆریەتی تیا دروست ببێت. من پێموایە چانسێکی گەورەمان هەیە، ئەمڕۆ سەرکردایەتیی کورد هەموو ئیمکاناتی خۆی خستۆتە ئیش بۆ ئەوەی کوردستان ڕێگەی مەدەنیەت بگرێتە بەر، ڕێگای ئازادی. دیسان پێموایە ئازادیش نابێت بگاتە ئاستی ئەوەی حورمەتی تۆ نەگرم، یا سەیارەیەک بسووتێنم، ئەگەرچی سەرکردەش دەبێت تەحەمولی ئەو جۆرە شتانەش بکات، یا باشتر بڵێم سەرکردایەتی دەبێت تەحەمولی هەموو شتێک بکات کە توندوتیژی تێدا نەبێت، ئازادی من دەوەستێت لەو نوقتەی ئازادی تۆ دەست پێ دەکات. ئەمەش پرۆسەیەکی سیاسی و عەقڵی و فیکری سەرتاپاگیرییە، ئێمە دەبێت لەئێستاوە هەوڵ بدەین دوو نەوەی داهاتوومان ئەو عەقڵیەتەی ئێستای نەمابێت ئەگینا هیچمان پێ ناکرێت. ئەو منداڵەی ئێستا پاش بیست ساڵ دەبێت عەقڵیەتی لە ئێمە جوداتر بێت، ئەگینا هەمدیسان کۆمەڵگەمان بەرەو دواکەوتن دەڕوات و دەسکەوتی زۆریشمان لە دەست دەدەین. لە ئێستاوە دەبێت کار بۆ دوو نەوەی دواترمان بکەین. دەبێت مرۆڤی داهاتووی کورد ڕێزێکی گەورە لە ئازادیی کەس و کۆمەڵگە بگرێت. ئازادیش بۆ هەموو کەسێکە ژن و پیاو. ئێستا زوڵمێکی یەکجار زۆر گەورە لە ژن دەکرێت. ژنمان کردووە بە منداڵ، نامانەوێت بیر بکاتەوە و عاقڵ بێت. هەر لە منالییەوە گاڵتە بە عەقڵی ئەوان دەکەین، بۆیە هەر لە منالییەوە بە مەعوەقی گەورە دەبن. میللەتێک ڕزگاری نابێت ئەگەر کەسەکانی شارستانی نەبن، ئێمە پەنجا ساڵە نیوەی هێز و تواناکانی خۆمان بە فیڕۆ داوە کە ئەویش ژنە.

**"منیش چونکە مرۆڤی کورد لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە بێت لە خەڵکانی تر باشتر دەناسم، ژیانی ڕابردوو و ئێستای دەمخەنێنن، دەمگریێنن مافی خۆمە باسیان بکەم. من بە پرۆگرام کار ناکەم، من پیاوێکی بەرنامەڕێژ و پلاندانەر نیم، من مرۆڤێکی سادەی بەسۆز و ڕوحانیم، چ شتێک هەستم بجووڵێنێت باسی دەکەم و بە فیلم تەعبیری لێ دەکەم."**

*پ: کۆتایی ئەو چاوپێکەوتنە بە پرسیارێک دێنین سەبارەت بە پاڵەوانی فیلمەکەت خاتوو بەلجیم، حەز دەکەم شتێک لە ڕۆڵی ئەو هونەرمەندە تازەیەم بۆ باس بکەیت و تا چەند لە کارەکانی ڕازیت؟*

و: لە فیلمی یەکەمدا زۆر گەڕام بۆ کچێک کە توانای هونەری تێدا بێت و بتوانێت بێت لەگەڵم ئیش بکات، خۆشتان دەزانن لەم کوردستانەدا دۆزینەوەی کچێک بەو مەرجانەوە شتێکی ئاسان نییە، چونکە هەندێ جار دەبێت کەسوکاری کچەکە و سەرۆکعەشیرەت یا نوێنەری لقێک یا مەڵبەندێک هەموویان بێن ببینن کە ئەو کچە چی دەکات و چی ناکات، واتە دەبێت لەبەر چاوی ئەواندا بێت، بەهەرحاڵ من پێموایە دەستەبەرکردنی فیدرالیەت زۆر ئاسانترە لە گۆڕینی عەقڵیەتی پیاو بۆ ئەوەی سەیری ژن بکات وەکو مرۆڤێکی کامڵ و خاوەنعەقڵ، لێرە کچ قسەی نییە، ئەبێت خێزان لەجیاتی ئەو بڕیار بدات، بڕیاریش لەناو خێزان بە دەست پیاوەوەیە، کاتم نەبوو بۆ گەڕان بە دوای ئەو کچە ئەکتەرە و تەحەمولی ئەو هەموو تەشقەڵەیەشم نەبوو، من لە لای خۆمەوە ئەکتەر بە پاکترین و گەورەترین مرۆڤی سەرزەمین دەزانم، بۆیە هەستام چوومە ئەو بەری سنوور کە ئەویش هەر کوردستانە و گەڕام بە دوای ئەکتەرێک و چەند کەسێکم بینی لەوانە بەلجیمم هەڵبژارد. من بە چاوی هونەرییەوە سەیریان دەکەم، بۆیە بینیم ئەو لە هەموویان بەتواناترە، جگە لەوەی کە تەمەن و شێوەشی زۆر گونجاو بوون بۆ ڕۆڵەکە.

هەڵبەت من بۆ بەرژەوەندیی فیلمەکەی خۆمم دەمەوێت، کامیان لە هەموویان گونجاوتر بێت ئەو هەڵدەبژێرم، ئیدی بەلجیم لە هەموویان باشتر بوو، ئەوم هەڵبژارد و دواتر خێزانەکەشم ناسی کە خێزانێکی زۆر بەڕێز و حورمەتن و وتیان ئێمە بزانین بەشداریی کچەکەمان دەبێتە هۆی پێشوەچوونی یەک بستی کێشەی میللەتەکەمان فەرموو ئەو کچەکەت تەسلیم دەکەین بۆ هەر شاخ و کێو و شوێنێک دەیبەیت، زۆر پشتگیریی کچەکەیان کرد. ئەوان وتیان لە ڕاگەیاندنی تورکیادا باس لەوە دەکەن کە گوایە کوردستانیش وەکو فەللوجە وایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مادام لە کوردستان ملیۆنەها کەس دەژین با بەلجیمیش لەگەڵ ئەواندا بێت. بەلجیم هاتە ئێرە تەجرەبەی زۆر کەم بوو، منیش بەڕاستی زۆر دەترسام لە سەرنەکەوتنی بەتایبەت کە زمانی زۆر تەواو نەبوو، جگە لەوەش دەترسام ئەو کچە گەنجەی لە باشترین زانکۆی ئەنقەرە دەخوێنێت و بێتە ناو ئەو گوندە دواکەوتووانەی کوردستان بەبێ کارەبا و ئاو تەحەمول بکات، کە هاتە ئێرە زۆر گەورەتر بوو لەوەی من تێی گەیشتبووم و دەترسام. توانایەکی هونەریی زۆریشی تێدا بوو، ئەگەرچی ڕۆڵەکەشی زۆر گەورە نەبوو، بەڵام لەو فیلمەی ئێستام (دەهۆڵ) بەلجیم ڕۆڵی سەرەکی هەیە، هەر لەیەکەم لەقتەوە بەلجیم وا هاتە بەرچاوم وەکو ئەوەی تەجروبەی پەنجا ساڵی سینەمای هەبێت، ناچار چووم دەستم ماچ کرد. گەورەترین موفاجەئەی ئەو فیلمەی ئێستام گەورەیی توانای ئەو کچە هونەرمەندەیە، من دڵنیام ئێستا دەرگای سینەمای ئەوروپا و جیهانی بۆ کراوەتەوە، واتە لەنێوان دوو فیلمدا تەجرەبەی پەنجا ساڵەی پەیدا کرد، زۆر خۆڕاگریش بوو، هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەدەکردم، کارەبا هەبا نەبا، ئاو هەبا نەبا، خواردن، ڕۆژێک نەمبینی ئەو مرۆڤە بڵێت ئەمەم نییە و ئیسراحەتم نییە. بەڕاستی خۆی وەکو هونەرمەندێکی زۆر گەورە نیشان دا.

# درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەودەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە کە مەیدانی جریدبازی لە دەشتی کانی ئاسکان بوو(١)

ئاوات نامیق ئاغا



دەرهێنەر (جەلیل زەنگەنە) و بەشێک لە ئەکتەر و کارمەندانی *«گەردەلوول»*

## سەرنج

*داخم ناچێت... بە هۆی سەرقاڵیی ژیان و چوارچاوییم نەپەرژام ڕەمەزانێ هەموو ئەڵقەکانی زنجیرەی «گەردەلوول»، (سیناریۆ و دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە، بەرهەمی کەناڵی ئاسمانیی "کوردسات"، ٢٠٠٥) ببینم، گەرچی هەندێ جاریش وا ڕێک دەکەوت کە هەندێکیان دوو کەڕەت و زۆرتریش تەماشا بکەم و ئەم سەرنجە ساکارانەم لەلا گەڵاڵە بېن. لێرەوە دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکی نیوەناچڵانەی خۆمە لە ئاست بەشێک لەو ئەڵقانەی کە دیتومن و بۆ پێزی باسەکەش هەر جار چەند نموونەیەکی لێ هەڵدەبژێرم و هەرگیزیش ڕێگەم بە خۆ نەداوە لەسەر بەرهەمەکە بڕیار بدەم، بەو ئومێدەی سوودبەخش بێت!*

## پێشەکی

بۆ ئەوەی لە هەموو کەسێکی ئاسایی ئەم جیهانە بەرینە بچین، دەبێت سەرەڕای بەگژداچوونەوەی دزێوی و هەموو نەرێنییەکان، فێر ببین بە کاری چاکیش بڵێین: هەم سوپاس و هەم ئافەرین!
کاک جەلیل زەنگەنە ئەم ساڵ بە بەرهەمی «گەردەلوول» دڵی جەماوەرێکی ئاودا و بۆ چاخی زێرینی کوردایەتی، باوەڕبەخۆبوون و شانازیی میللی گەڕاندنەوە. بیرۆکەی ئەم دراما مێژوو لەئامێزگرتووە وەک لەسەرەتادا ئاماژەی پێداوە لە بیرەوەری خۆیەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، بەڵام هەرزوو بینەرانی دەزانن کە باس لە ڕۆژگاری دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ناوەڕاست بە دواوەی ١٩٧٠کان دەکات.
ئەو زەمان، سلێمانی هێشتا شەقامی شەستی بەربینی نەگرتبوو، ناوبرەکان، چوارباخ، سەرشەقام، جوولەکان، هۆمەرامان، خەبات و سەرکارێزی لەتوپەت نەکردبوو! ماڵان سەریان بەناو یەکدا کردبوو، لە سەربانێکەوە دەتوانرا بەسەر چەندین کۆڵاندا گوزەر بکرێت و کۆترە تەرەکان بگیرێنەوە. قرچە و بۆی سوورکردنەوەی شفتە، هاڵاوی قەزاتمە و تاسکەبابیی ماڵان، دەمی قاوەڵتی و شێو، کەپووی گشت ڕێبوارانی ئەو کۆڵانانەیان دەئاخنی! قەسرەکەی نوری عەلی لە جێگەی خۆی بوو و چاودێریی ڕووداوەکانی دەکرد! مۆرهەڵکەن و موختارەکان بەڕیز لە دوکانەکانی لاڕاستی ژێریدا دادەنیشتن، «کاک تایەر» کولێرە تیجارییەکانی لە کونجێدا دەبریسکانەوە، تەشتە زەیتوونەکانی «مەتی» و «جەرجیس» لەدوورەوە بریقەیان دەهات، «قالە» هێشتا لە پێشەوەی ئامانەکاندا دەستەکانی لە بنگوێکانیدا بوون، لەودیو شووشەکانەوە بەکاوەخۆ سەیری هەمووانی دەکرد، بزە دەیگرت و لەبەرخۆیەوە گۆرانی بۆ جوانیی شار دەوت!
خالید زامدار لەسەر دیوارە سکپڕەکەی بەرانبەری گەرمەی خۆشنووسی و هۆنراوەهەڵبژاردنی بوو! تەقەی تاوڵە، شەقەی ئەزنیف و دۆمینە تێکەڵ بە چپەچپی ڕامیاریی زۆرینەی لاوانی شار لە چایخانەی شارەوانی، یانە وەرزشی و نیشتەجێی تیپەکان تا درەنگان بەردەوام بوو! هێشتا کۆستی شەهاب و هاوڕێکانی نەڕەوییوەوە، شار لە ناخەوە دەکوڵا. کاتێ کە دەستەیەک هەڵۆ و هەتەرانی گەل لە هەرێمی شارباژێر و (کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان)، کە هێشتا ناوی بە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) نەگۆڕدرابوو و پێشتریش لە ئەیلوولدا زۆرینە سەر بە بەتالیۆنی چواری سلێمانیی شەهید «نوری حەمەعەلی» بوون، بە هاوکاری و ڕێنوێنیی دەستەیەکی نهێنیی سەرکەشی ناوشار، لە بۆسەیەکی مەحکەمەدا، سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی دیسامبەری ١٩٧٦، لە شەقامی مەولەوی هێرش دەکەنە سەر «محەمەد حەمەئەمین ئەحمەد»ی پارێزگاری ئەودەم و دۆزەخێکی ڕاستەقینەی بۆ دادەخەن!
ئەو کردارە شۆڕشگێڕانەیەی کە هێندە بە بەها نرخێندرا تەنانەت کەسی پارێزگار دواتر بۆ خۆیشی لەناو بازنەیەکی بەرتەسکی هاوڕێکانیدا وای هەڵسەنگاندبوو کە "ئەوە تەقەکردن نەبووە لە ئەو وەک «محەمەد حەمە ئەمین»، بەڵکە لە پارێزگاری شارێک و شکۆی حکوومەتێک"!، و ئیتر بەرەودوا ڕووداوەکان لەوێڕا هەڵدەقوڵێن و بینەری تامەزرۆ کەمەندکێش دەکەن.

## ناوەخن

ئەوی کارەکانی کاک زەنگەنەی بەوردی سەرنج دابێت، تێ دەگات کە ئەم کوڕە گەنمرەنگە، گەرمیانییە بەئەمەکە بێ پەروا

لەم دەمەدەمی جیهانگیری و دارزانی شیرازە ڕەوشتییەکاندا، شێلگیرانە دەیەوێت پێناسەیەک بۆ ئەو هەموو قوربانییانە بدۆزێتەوە کە ساڵانێکی دوورودرێژ کورد درێغی لە بەخشینیاندا نەکرد و لە نوتەکترین بەشەکانی مێژووی سەردەمدا، هەرە چاکترین ڕۆڵەکانی خۆی کردە پێخۆری خەبات تا ئەم گەلەیان گەیاندە ئەو قۆناغەی کە ئێستا بەری ڕەنجی بچنێتەوە و سەرکردەکانی لە بەناو چەتە و یاخییانی چیاکانی یەک لە هەرە چەپەکترین گۆشەکانی جیهانەوە بگوازێتەوە بۆ سەرۆک دەوڵەتانی کوردستان و عێراق و میوانانی بەنرخی کۆشکی سپیی ئەمریکا، ١٠ داونین ستریتی بریتانیا و تێکڕای پایتەختەکانی وڵاتان!!


کاک زەنگەنە دەیەوێت لە «*گەردەلوول*»دا پێشنیاری ئەوە بکات کە هەموو کەس لەم سەرکەوتنەدا بەشێکی پێدەبڕدرێت! ئەگەرچی ئەم گیانی گەشبینییە گەلێک بەرز دەنرخێنرێت، بەڵام با پێشەکی ئەوەش لە یاد نەکرێت، کە لە مێژووی گەلاندا، بەپێی هەموو ژمارە و بەڵگە ئاشکراکراو و نەکراوەکانیش، کەم گەل هەن بە هێندەی گەلەکەی ئێمە پوازی لە خۆی هەبووبێت! وەلێ هەندێ کاراکتەریش هەر زۆر چاک بەرجەستەی پەندە کوردییەکەی "سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەی"ن. «دڵشاد» (جیهاد دڵپاک)، تووشی کوردە ناموسی دەبێت، «عەباسی پیرداود» (ماهیر حەسەن)یش هەروەها. ئەمە بیرۆکەکەی (ژانی گەل)، ئیبراهیم ئەحمەدە، «جوامێر» دەڕوا مامان بۆ «کاڵێ» پەیدا بکات، لە چەقی شاردا دەکەوێتە جەرگەی خۆنیشاندانەوە و بەرەورووی چارەنووسێکی دی دەبێتەوە!(٢)

کاراکتەرەکانی ئەم درامایە هەڵقوڵاوی جەرگەی کۆمەڵگای کوردەوارین. «*گەردەلوول*» بانگێشتێکی کراوەیە تا کەسانێک خۆیانی تێدا بیننەوە و هەوڵ بدەن بزانن کێیان لێ دەچن؟! وا پێدەچێ هەر بەدوای یەکەم شەوی پەخشیشدا زرنگەی تەلەفۆن لە هەموو لا دەستی پێکردبێت و زۆرینە ویستبێتیان ناوەکان و ڕووداوەکان وەک تەختەی شەق و پەق(٣) بخەنە پاڵ یەک و بپرسن: کامەیان ئەنوەر، فاخر، حەمە، عەبدوڵڵا و..تادن، ئەو «جوان»ە کێ بوو!؟(٤) ئەو ماڵانەش کە بە چەشنی خانەوادەی حاجی سەعید (عومەر دڵپاک) بزاڤتون، ئەمرۆکە بەشانازییەوە سەیری ڕابردووی شکۆداری خۆ بکەن. وەلێ ئەوانەیش کە خاترجەم لە سەنگەری میللەتدا نەبوون، هەنووکە لێوەکانی پەشیمانی بکرۆژن و بە ناخی زەویدا ڕۆ بچن، ئەگەرچی ئێستاکەش بۆ ئالوودەدامەنی بالۆرەی سەیروسەمەری پاڵەوانێتی بۆ خۆیان هەڵبەستن بەڵام، بحمدالله خۆیان لەناخدا لە هەموو کەس چاکتر خۆ دەناسن و ویژدانیان ئۆقرە ناگرێت!

«*گەردەلوول*»، بینەرانی خۆی چاک هەڵبژاردووە و توخمی نێر و مێی لە یەک دانەبڕیوە. بابەتێکی هەمەچێژ و هەمەجۆرە، لە یەک کاتدا زنجیرەکە مێژوو خوێندنەوە، کۆمەڵایەتی و بەڵگەنامەییشە. بەشە توندوتیژییەکەی، نێرینە ئارەزووی دەکەن و ژیانی ڕۆژانە و کێشەی خێزانیش مێینە. ئەوەی لەم درامایەشدا دەدیترێت گۆڕانکارییەکی بەرچاوە، لە بیرۆکە، دارشتن، فۆتۆگرافی، جووڵەی کامێرا. تەنانەت بینەرانی بەرایی و ئەوانەیش کە زۆرینەی کۆدەکان ناخوێننەوە، لەو باوەڕەدان کە بەرجەستەکردنی ڕۆژگارەکە باش پێکراوە!

ئەوەی «*گەردەلوول*» لە بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکانی دی جیا دەکاتەوە ئەوانەن. کاک زەنگەنە، ئەمێستا خەریکە لەو کایەدا تەواو بازووی لێ هەڵ بکات و بەدوای فیلمەکانی «*خولە پیزە*، ١٩٩٧» و «*مامە ڕیشە*، ١٩٩٨»دا ئەم کارەی دەبێتە درێژەی ئەو زنجیرە هەوڵە دەروێشانەیەی دەستی پێکردووە و پەیامێکی ساغ و دوور لە ڕیاکاری دەگەیەنێتە نەوەکانی داهاتوو، نەوەی ئەمڕۆ ڕادەژەنێت و گوڵاڵە و مێلاقەش لەسەر گۆڕی دوابەیەکی ئەوانە دادەنێت کە هەمیشە ژێی دڵیان بە ئاوازی سەربەخۆیی کوردستان لێی دەدات و کەچی ئەو «ڕزگاری»یەی ئەمرۆکەیان بە چاوی خۆ نەدی، ئەگەر بە دەردی خوایش کۆچیان کردبێت!

جگە لە تێزاندنی چەندان هونەرمەندی تازەپێگەیشتوو، کە تەوژمە خوێنێکی نوێی بەبەر دراماکەدا کردووە، «*گەردەلوول*» بە دەستەیەکی ڕەزاسووک و شیرینی وا دەوڵەمەند کراوە کە مایەی چاو و دڵڕوونی بێت بۆ بینەرانی، کە دیدەیان بە کەسانی وا گەش دەبێتەوە.



دیمەنێک لە «گەردەلوول»

کاک زەنگەنە زیرەکانە گەلێک لەو ئەکتەر و ئەکترەسە پسپۆرانە بە کار دەهێنێتەوە کە بەشێکن لە سامانی کولتووری گەل، وەک: عومەر دڵپاک، کاوە ئەحمەد میرزا، جیهاد دڵپاک، بەدیعە دارتاش، ئاڵا عومەر، یاسین بەرزنجی، ئاشتی دانش، ماهیر حەسەن، کەمال چالاک، دایکی ئاریان، کاوە جوتیار، سەلام فەرەج، بەکر ڕەشید، بەکر فەرەج، بەیان مەحمود...تاد! کە هەر نەبێت زۆرینە لە یەکێک لە هەرە چاکترین دراماکانی تەلەفزیۆنی پێش ڕاپەڕیندا پێکڤە لە «*ژاڵە*»دا بەشدارن. ئەمە جگە لە ڕاکێشانەوەی «گەزیزە»ی کچی «عومەر عەلی ئەمین»ی مامۆستای شانۆ، گەزیزەی خوشکی هەمەوان و خوشکی (ئاوات)ی یەک لە هەرە قارەمانترین ڕۆڵەکانی کورد،(٥) گەزیزەی شلە خەجێ و بەزمی مانگگیریان و ڕۆژگیریان!!

کاک زەنگەنە لەم درامایەدا زۆر بەسەر دەکاتەوە، ناوی «ژاڵە» و «هۆشیار» وەک گەڕانەوە بۆ درامای تەلەفزیۆنی «*ژاڵە*»، سکێچی «شیرین .ک»، هاوسەری «دڵشاد مەریوانی»ی قارەمان و خوشکی شەهیدی زیندوو «هاورێ مەلا کەمال»،(٦)، جگە لە ناوهێنانی شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو. ئەگەرچی لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەڵوێستەیەک بکرێت و بوترێت ئەگەر یەکێک ئەو عەیامیش ئاگاداری هەواڵی کەسیی شێرکۆ بێکەس نەبووبێت، کە دیارە بۆ زۆرینە هەرگیز مەرج نەبووە، بەڵام جێی سەرنجە پارێزەرێک (بەکر ڕەشید) کە خۆی (شێرکۆ)ی ناو بێت ئەوەی لێ ئاوەژوو ببێتەوە!

کاک زەنگەنە چاک دەزانێت کە هێندەی شێرکۆ بێکەس لەسەر ئاوارەیی و فورات و تاراوگەی نووسیوە، کەم کەس هێندە

بەتەنگەوە هاتبن، مەگەر بویژانی ناوچەکە خۆی نەبن!! ئیتر هەر «لە فورات و چەند گۆرانییەکی غەمگین»، ١٩٨٢کە تێیدا جگە لە سکاڵای نامۆیی خۆی و خاوو خێزانی باس لە ماسیگرە سەرکێشەکەی ئەوبەر، لە «حەسون»ی هاوڕێی منداڵی ڕەنگپەڕیو و «ئوم سەعد»ی ڕەنجدەری هەمیشە بێداریش دەکات!



دەرهێنەر و دیمەنێک لە «گەردەلوول»

لە هۆنراوەی «هاودەم»، ١٩٨٤دا هەر بە فوڕات دەڵێت:

**تۆ نەبی چۆن من**
**ئەم ژەنگی بێزارییەی**
**کە سەعاتی ژینی گرتووم**
**لێم بێتەوە**
**هەر تۆی تەنیا**
**لەم بەستێنە خامۆشەدا**
**ئەی هاودەمە شیرینەکەم،**
**من دڵم پێت بکرێتەوە**

دیسانەوە لە بایۆگرافییە هۆنراوەییەکەی «خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێ»، سوید، ئێپیک، ١٩٩٧، دەڵێ:

**فورات نەبێ من لم ئەمخوات**
**فورات نەبێ نامۆیی چۆن داڵدەم ئەدات**
**فورات نەبێ تەنیایی چۆن ئاوی شیعر و خەمم ئەدات؟!**
**:**
**فورات نەبوایە چۆن ماسی، ئەهاتنە ناو سەرچناری مەنفامەوە؟!**
**فورات نەبوایە دارخورما کوا ئەمناسێ و قەتێی سەحرا چۆن ئەهاتە مێرگەپانی نیگامەوە؟!**

بۆیە ئەگەر ئەو هەلانەش تا هەنووکە بۆ خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانە نەڕەخسابن، ئەوا دەبوو لە کەسی بێکەس خۆی بپرسرابایە ئەو زانیاریە بسەلمێنێت! ئەوکات دەزانرا کە کاکی بێکەسمان بۆ دەوروبەری ڕومادی دوورخرابووەوە و لە کەسوکار هاوێرکرابوو، ئەو جێگەیەش دیارە ڕۆژئاوای عێراق دەکات، نەک باشووری وەک ئەوەی یەک لە ئەرکە گرنگەکانی میدیا، زانیاریپێدانە لەپاڵ ڕۆشنبیرکردن و چێژبەخشیدا!

دیسانەوە لێدانەوەی گۆرانییەکانی عەلی مەردان، عەلی عەزیز،(٧) عوسمان عەلی و فوئاد ئەحمەد، ئەوانەش کە گۆرانییەکانیان لە زاری کاراکتەرەکانەوە دەوترێتەوە وەک، شەماڵ سائیب و ڕەفیق چالاک، جگە لە «زی الهوی»ەکەی «عبدالحلیم حافظ» کە «شێرکۆ» بەدیارییەوە دەتاوێتەوە. لایەنێکی بەرچاوی ئەم درامایەن. ئەم کارە سەرەڕای ئەمەکداری بۆ هەموو ئەو هونەرمەندە کۆچکردووانە و پێزانین بۆیان، بە کوردییەکەی سۆزێکی زەقی کاک زەنگەنە بۆ نیشتمان و ڕابردوو دەردەخا،(٨) وەک چۆن شێخ ڕەزایش بۆ سلێمانی، دەبستان و تافی منداڵی خۆی ئاخ هەڵدەکێشێت! ئەگەرچی دەبێت بوترێت کە زۆرێکی ئەم گۆرانییانە تەنیا بۆ خۆشکردنی دراماکەن، ئەگینا هیچ کامێکان بەدەر لە «بابە»ی چالاک، کە بە زاری «ئاوات چالاک»ی برازای لە بەندیخانەدا دەوترێتەوە، ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕن لە زەقکردنەوەی دۆخەکان، بەرەوپێشبردنی هێڵە درامابییەکەدا یان بەستنەوەی چیرۆکەکان بەیەکترەوە، وەک ئەوەی لە فیلمە هیندییەکانی «بۆلی وود»دا دەبینرێن. هەمان کات «ئەمیرە»ی فوئاد ئەحمەد، لە کۆتاییی١٩٧٠کاندا، گەلێ دوای ئەو ڕۆژگارە پەیدابوو کە تەلەفزیۆن لە کوردستان بوو بە ڕەنگی!

هەر لەو سۆنگەیەشەوە نیشاندانی یاریی تۆپانی ڕەش و سپی، تەواو ئەو بۆچوونە چڕ دەکاتەوە کە کاک زەنگەنە لەناخەوە ئەو هەستە ئابلووقەی داوە. ئەگەرچی ئەمەش کێشەی خۆی ناوەتەوە، هەروەک ئەوەی پێدەچێ لە لایەکەوە لەو یارییەدا «فرانس پیکنپاوەر» و «جێرد مۆلەر»ی یاریزانانی تیپی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا ببینرێن. هەرچەندە نازانرێت کە، داخۆ ئەو یارییە کۆتایی جامی جیهانی ١٩٧٤، ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا ـ هۆڵەندا (٢–١)یە کە زۆرتر پێدەچێت لەبەر بەناوبانگی یارییەکە و ناوبانگی یاریزانانی هەردوولا، لەناویاندا «یۆهان کرۆیف»ی کاپتنی هۆڵەندا، یاخود ئەوە کۆتایی پاڵەوانێتیی تۆپی پێی وڵاتانی ئەوروپا، ١٩٧٦بوو «ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا ـ چیکۆسلۆفاکیا» (٣–٥)، کە پێویستە وابێت لەبەرئەوەی لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا بەڕێوەچووە کە لە کۆتاییەکەیدا «*گەردەلوول*»ی تێدا بەرجەستە کراوە. لە لایەکی دییەوە ئەگەر وردتر بڵێین ئەوا سەرەڕای ئەوەی یارییەکان ساڵە جووتەکان ساز دەکرێن، هەموو کات لە کۆتایی مانگی مەی و جوندا بەڕێوە دەچن، نەک زستانی ساڵ، کەچی کاتی نیشاندانی یارییەکان لەم درامایەدا سەرماوەرزە، ئەویش بەو پێوەرەی کە هێشتا لە ماڵی عەباس پیرداود، ئۆرتەکەیان هەر ڕاخراوە و جێگە هەڵنەگیراوەتەوە کە دیارە ئەوەیش پێچەوانەی نەریتێکی نەگۆڕی وڵاتی ئێمەیە و دەشێت نیشاندانی عەلادینیش زۆرتر ئەم بۆچوونە تۆکمەتر بکات.(٩)

## تایتڵ

سەرەڕای ناسکی و مانابەخشیی گۆرانیی پێشەکیی زنجیرەکە، کە مەبەست لێی ئامادەکاری بینەرە بۆ لا بەرجەستەبوونی دۆخەکە و چوونە ناو دراماکەوە، بەڵام هەمانکات گوێلێبوونەوەی هەمو جارێکی گۆرانییەکی دوورودرێژ تا ئەندازەیەک، بێزاری دروست دەکات. لێدانەوەی یەک بەدوای یەکی دیمەنەکانیش هەموو شەوان هەمان کاریگەرییان هەن و بینەران دەتۆرێنن. کاک زەنگەنە لە پاشەکیشدا هەمووجار چۆنیەتیی دەرهێنانی دراماکەی نیشان دەدات کە دیارە ئەمیش چاوپۆشی لێدەکرێت، لەبری ئەوە دەشێت گۆرانییەکی کورتتر یان پارچەیەک مۆزیکی ساکار تەریب بە دیمەنێک یان زۆرتری ئەڵقەی پێشتری گونجاوتر بن!

## بیرۆکە

بیرۆکەی سەرەکیی دراماکە خەباتی ئەو ڕۆژگارە سەختەی بەشێک لە سەرکەشانی وڵاتە، کە لەناو کێشمەکێشی ژیانی ڕۆژانە

و کۆمەڵایەتیدا زۆرینەیەکیان بە پلەی دووەم دەیانەوێت مانایەک بۆ ژیان بدۆزنەوە و گەلەکەیان لە چرنووکی داگیرکار قوتار بکەن.
لە زۆرینەی کارە دراماییەکاندا هەمیشە چیرۆکی سەرەکی شێرەبەشی پێ دەبرێت و چیرۆکۆڵەکانیش پێبەپێی ئەو دەڕۆنە پێش و لە خزمەتیدا دەبن. ئەوانە وەک پەنجەرەی ڕووناکی وەهان، هەم ڕۆشنایی دەخەنە ناو دراماکە، هەمیش هەوایەکی تازە دێننە ژوورەوە. ئەگەرچی هەرگیز چیرۆکی سەرەکی ناکرێتە قوربانی چیرۆکۆڵەکان، کەچی دەبینرێت لە زۆرێکی ئەڵقەکانی *«گەردەلوول»دا*، چیرۆکە سەرەکییەکە بیر دەچێتەوە و چەند خولەکێک پێش تەواوبوون دێتە بەر دیدە و بیر دەکەوێتەوە. لەکاتێکدا بینەر زۆر خولیای نییە بەو درێژییە بزانێت «جوان» (خوشکە گەزیزە) لە ماڵ چۆن لەگەڵ براژنە نووکەنووککارەکەیدا هەڵ دەکات، بەڵکە زانخوازە و مەبەستیە تێ بگات ئەو، پێشمەرگە بریندارەکە چۆن تیمار دەکات، ئەو بڵاوکراوانەی لە کوێ بوون!
سەرباری ئەوە جێی تێرامانە دوای هەوڵێکی سەرکەوتووی ڕزگارکردنی پێشمەرگەیەکی زامداری ناوشار قارەمانێکی وەک «جوان»، بە ڕۆژی نیوەڕۆ سەڵڵانە سەڵڵانە کوڵانان بکات و بەیاننامە بابردەڵەکانی بە سرێشێکی عەمارەپۆ بە بەردی سەختی مەڵکەندی و دیوارەکانی شاردا هەڵبواسێت. ئەمە لە کاری ڕێکخراوەیدا تۆزێک لە ڕاستییەوە دوورە و لینین وتەنی "هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دووان بۆ دواوەیە!"
بێجگە لەوەی کە زنجیرەکە سەرەتا خاوەخاو و خلیچکییەکی زۆر دەکات و کاتێکی زۆر دەکوژێت، دواتر کە دەگاتە تەواوبوون، پەلەپروزەیەکی زۆری تێدا بە دەر دەکەوێت و هەندێ لە گرێکوێرەکان وەک چارەنووسی «دڵشاد»، بە هەڵواسراوی دەمێننەوە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی ئەم زنجیرەدا مژدەی ئەوە دەبیسترێت کە "گەردەلوول لێرەوە دەست پێ دەکات"، کە دیارە لێکچوونێکی تەواوی دەستەواژەی "لێرەوە کێشەکان دەست پێ دەکەن"ی درامای *«ژاڵە»*یە، کە «هێمن» بە ئامادەیی «مرواری»ی دڵخوازی، بۆ «هێرۆ»ی خوشکی دووپات دەکاتەوە، کاتێک کە بە مەرگی ئاغای ستەمکار و خوێنەخۆری بابیان دەزانن!!
ئەگەرچی گوڕ وایە و پێویستە ئەگەر *«گەردەلوول»*، دەیەوێت بەردەوامی بە خۆی بدات، توێژینەوەی زۆرتر لەسەر لایەنە مێژووییەکە بکات، چون پێ دەچێت ژمارەیەکی بەرچاویش لەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ بەشداریی چالاکییەکە بوون لە وەرچەرخاندنی ڕووداوەکان نیگەران بووبن، کە بێگومان مافی ڕەوای خۆشیانە، نازیش بکەن و هەم گازیش! بۆیە وا پەسەندە کە کاک زەنگەنە لەمەودوا پێش دەستپێکردنی هەر بەرهەمێکی دی یان درێژەپێدان بەم بەرهەمەی، چەند کەسێک تەرخان بکات کە لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر ڕووداوەکان بکەن و ئەمجا ئەمیش بێت لەگەڵ ئەوەی لە ئەندێشەی خۆیدا تۆمارن شەنوکەویان بکات، تا چیرۆکەکەی لەسەر دابڕێژێت و بخاتە بۆتەیەکی شیاوەوە، چونکە بە پشتبەستن بە تەنیا یەک سەرچاوە، هەرچەندە جێی باوەڕیش بێت، هەڵەی کوشندەی لێ دەکەوێتەوە، ئینگلیز وتەنی:



دیمەنێک لە «گەردەلوول»

"هەمیشە بۆ هەموو چیرۆکێک دوو لایەن هەن"، چجای ئەوەی بۆ ئەم کارە فراوانە دەبوو گوێ لە دوو سەرچاوە زۆرتریش بگیرێت! خۆ ئەگەر وا نەکات، ئەوا ئاوڕدانەوەکەی بە پێچەوانە دەشکێتەوە، کە دیارە ئەوە هەرگیز مەبەستی ئەو نییە!!
هەرچەندە کتومت هێشتنەوەی بێ گۆڕانکاریی ڕاستییە مێژووییەکان وەک خۆی لە کارێکی وا قەبەدا و لە ژێر کاریگەریی مادیی لایەنێکی ڕامیاریدا کارێکی سەختە! ئەمەش نەک هەر لە وڵاتی ئێمە، بەڵکە لە زۆربەی ئەم جیهانی سێیەمەدا ڕێژەییە و زۆرجار بەهەرەمەندی گیرفانبەتاڵ دەبێت تا ڕادەیەک چاوبەرەوژێری دەسەڵات بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زۆر هۆشیاری ئەوە بێت کە نەهێڵێت بەرهەمەکەی ببێتە پروپاگەندەیەکی ڕامیاری هەرزانبەها!
درامانووسی مێژوویی دەتوانێت بڵێت کە نووسینەکەی بەدەسکارییەوە لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، بەڵام بە مەرجێک ئەو گۆڕانکارییە کار نەکاتە سەر ناوەڕۆک و ئازاری بیرۆکە سەرەکییەکە نەدات. ئەو دەتوانێت هەندێ دایەلۆگ دروست بکات، کاراکتەری ناسەرەکی نوێ بترنجێنێتە ناو دراماکەیەوە، هەندێ قۆناغ یان دایەلۆگی جارس کورت بکاتەوە، بەڵام بۆی نییە سەرلەبەری ڕووداوەکە بگۆڕێت، ئەگەر ئەو دەخوازێت بەرهەمەکەی مۆرکی ڕاستەقینەی پێوە بمێنێت!
هەوڵی لەناوبردنی پارێزگاری سلێمانی ساڵی ١٩٧٦، جگە لە پەنای هەورەبانی مزگەوتی شێخ سەلامی ناو گەراجی سەعە تاکۆیی، تەقە لە هیچ قوژبنێکی دی سەر شەقامەکەوە نەکراوە، مەگەر بە حەوادا نەبێت، چونکە بێجگە لە خودی پارێزگار مەبەست ئازاردانی پۆلیسەکانی پاسەوانی نەبووە. هیچ پێشمەرگەیەک بریندار نەبووە و کەس بە دیلی نەگیراوە تا لەدوایدا لە نەخۆشخانە بیفڕێننەوە!
بۆیە برینداربوونی یەک لە پێشمەرگەکان لە ڕاستییەوە سەرچاوەگرتنی ئەم بەرهەمە دەخاتە خانەی گومانەوە و لەوە دەچێت ئەمە زۆرتر لە *«الایام الطویلە»*، تۆفیق ساڵح ١٩٨٠ خوازرابێت، ئەو کاتەی کە سەددام بە برینداری و هەنگەشەڵێ لە پەلاماری کارەکەی دوانیوەڕۆی ٧ی ئۆکتۆبەری١٩٥٩ی شەقامی ڕەشیدی بەغدا کە تێیدا جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسمی سەرکۆماری عێراقی تێدا بریندار بوو، ڕزگاری بوو تا لە تەقەکردن لە پارێزگاری سلێمانی دیسەمبەری ١٩٧٦! تەنانەت بە بەدواداگەڕان و سەرماڵچوونەکەشەوە، لەوێ ئافرەتێک (هەم خەسووی و هەم خاڵۆژنی) بە هێرشبەران کە، لۆکە، سارغی و شاشی خوێناوی لە ماڵیاندا دەدۆزنەوە دەڵێت: "شنوا ما عدکم نسوان، د استحوا"؟!، هەر لەو دیمەنانەی *«گەردەلوول»* دەچێت، کە دڵەڕاوکێی تێدا دروست دەبن و هەموو جار «جوان»، دەبێتە سوپەر و قەڵغان!!

مەخابن لەو ڕێگەوە کاک زەنگەنە زۆر دیمەنی بەپێزیشی لە کیس داوە کە پێ دەچێت ئەگەر توێژینەوەی زۆرتری بکردابایە، ئەوەندەی تر ئاستی هەڵپەساردن و مۆلەقی ناو دراماکەی چڕ دەکردەوە کە هیچ لەو دیمەنە بەبەهایانەی زنجیرەکەی کەمتر نەدەبوون کە بەرهەمەکەیان برەو پێداوە. بە نموونە کاروانەکەی پارێزگار ئەو ڕۆژە لە کاتی دیاریکراوی خۆی نزیکەی کاژێرێک دوا دەکەوێت کەوا لە پێشمەرگەکان دەکات، وا بزانن کە ئاشکرا بوون، بۆیەکە ماتۆڕەکەش تێدەپەڕێت کە لەپڕ ئەمان بە ئاگا دێنەوە، ئەوە خۆ ئەوە وا لە بەردەمیاندا...تاد.

لێرەوە دەبێت بوترێت کە ماتۆڕی پۆلیسی هاتوچۆ لەوێدا نەکەوتووە و بەڵکە دەرباز بووە. کەس ڕای نەکردووە و بەڵکە ئۆتۆمۆبیلێک لەوێدا ئامادە کراوە و بێوەیی هەموویانی لەو ناوچەیە دوور خستۆتەوە. ئەم چالاکییە ئەوەندە سەرکەوتوو بوو تەنانەت ئەوانەیشی کە دواتر گیران و لە سێدارەدران، سەرەڕای ئەندامێتییان لە کۆمەڵە و ڕێکخستنی شاردا هیچیان ڕاستەوخۆ بەشداری ئەو ڕووداوە نەبوون.

سێ کەس ئەو بەیانییە چەکبەدەست بوون، کە بێجگە لە بڕبڕەی پشتی پەلامارەکە کە دواتر بە دەست برایەکی خۆی شەهید کرا، دووانەکەی دیان هەر لە کوردستانن، ئەوەی کە ئۆتۆمۆبیلەکەی لێخوڕی و دەربازی کردن ماوە، ئەوەی کە پەرلەکەی نارد، ئەوەی وەریگرت ئەوەی گواستییەوە، ئەوەی کە پلانەکەی داڕشت، ئەوەی پێش تەقەکردن پێشمەرگەکان لە ماڵیدا بوون، ئەوەی کە دوای چالاکییەکە دەیانگرێتە خۆ...ئەوەی...ئەوەی..ئەوەی..تاد، دەکرا قسەیان لەگەڵ بکرێت!

ئاخر ئەگەر یەکێک لە پێشمەرگە گومناوەکانیش نەپرسێتەوە، ئەوا هەر بە پێداچوونەوەیەکی ساکاری بڵاوکراوەیەکی چالاکییەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ١٩٧٦دا بۆی دەردەکەوێت کە لەو ساڵەدا لە کۆی ٤٣ چالاکی، ئەگەرچی ٤٥ پێشمەرگە شەهید بوون، بەڵام تەنیا ٢ بریندار کەوتونەتەوە و بە هەموو پێوەرێکیش ڕێی تێ ناچێت کە یەکێک لەو بریندارانە یەک لەو چەند پێشمەرگەیە بێت کە ئەو چالاکییەیان نواند و لە سەربانی مزگەوتێکەوە بە ڕووکاری شەقامی مەولەویدا ١٠٥ گوللە سەرەوخوار ئاراستەی پارێزگار دەکەن، ئەمە جگە لەوەی کە ڕەنگە کاک زەنگەنە بیتوانیبایە کە بە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عێراقیشدا بچێتەوە، ئەگەر ئەو بوارەی بۆ بڕەخسێنن و لەبەر دەستدا مابن!

ئەلیاس نەخلەی کاراکتەری سەرەکیی «الاشجار و اغتیال مرزوق»ی (عبدالرحمن منیف)، بۆ هاوگەشتەکەی دەگێڕێتەوە، کە مێژوو هەمیشە براوەکان دەینووسن و ئەوە نییە کە لە کتێبە قەوارە گەورەکاندا نووسراوە، بۆیە ئەگەر دەتەوێت بۆ مێژووی ڕاستەقینە بگەڕێیت برۆ لەو کەسانە بپرسە کە چرچی ڕۆژگار لە ڕووخساریاندایە، بەدەم جگەرەکێشانەوە لە چایخانەکاندا دانیشتوون و هێمنانە سەرنجی ڕێبواران دەدەن.

## دایەلۆگ:

بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە دراماکانی دوای ڕاپەڕین زمانی کوردیی *«گەردەلوول»*، تا ڕادەیەکی چاک، ڕەوان و ئاسانترە، بەڵام ڕاشکاوانەتر بوترێت ئەو زمانە عەرەبییەی کە قسەی پێدەکرێت بەڕاستی عەرەبییەکی چڵکنە و زۆرتر (کورەبی)یە!!!

بەرەورووی کۆمەڵێک لە گیراوەکان دەڵێت: "واحد من هدوله اللی شارکوا فی عملیه اغتیال السید المحافظ چان لابس معطف اسود"، کەچی لە ڕاستیدا (محاوله اغتیال)، بەو پێودانگەی یەکەم ئەوە دەگەیەنێت کە پارێزگار کوژرابێت و بڕابێتەوە، لەکاتێکدا لێکدانەوەی دووەمیان زۆرتر مانای وایە کە هەوڵێک درابێت و سەری نەگرتبێت!، بڕواننە ناونیشانی کتێبەکەی بەرزان تکریتی، (محاولات اغتیال الرئیس صدام حسین)، ١٩٨٣، خۆ ئەگەر بەرزان لەبری «محاولات اغتیال» بینووسیبا «عملیه اغتیال»، هەیهو ئەمێستا دەمێ بوو ئەویش گیانی بۆ دۆزەخ پەروازی فەرموو بوو، کاک ڕزگار(١٠) و هەموو ئێمەش سەرمان ڕەحەت!!



دیمەنێک لە «گەردەلوول»

کارەکتەرەکان لە کاتی ئاخافتندا دەمیان تەتەڵە دەکەن، لە تووڕەبووندا لە ئاستی ڕستەکاندا دەوەستن و دەسڵەمنەوە جگە لەوەی کە بە سەروسەکوتدا هەست دەکرێت، ئەو کەسانەی ئەو ڕۆڵانە دەبینن بە هێندەی زۆرێک کوردی بێ غەلوغەشن، بێگومانیش دەم و لەبزی عەرەبییانەی گیراوێکی کوردی وەک «دڵشاد» زۆر لە بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی و ئەمنی گشتیی عیراقیش و زۆرینەی ئەفسەر و پلەدارەکانیش چاکتر دەردەکەوێت! لەو لایەنەوە ڕەنگ بوو، کاک زەنگەنە بیتوانیبایە، یان پرۆڤەی زۆرتر بە ئەکتەرەکان بکات و پسپۆرێکی (زمانی عەرەبی ئاخاوتنیش) هەڵەکانیان بۆ چاک بکەن، چەند ئەکتەرێکی عەرەب پەیدا بکات، یاخود لێگەڕایە ئەو دایەلۆگانەش هەر بە کوردی بڕۆیشتنایە وەک چارەسەری سێیەم.

بە نموونەی ئەمە «مولازم جاسم»

زۆرجار ڕستەکان دوورودرێژن و مەبەستەکان درەنگ دەپێکن، گەلێ بۆنەش هەندێ وشە بە کار دێن، کە داهێنانی ئەمڕۆکەن نەک هی ئەو زەمان بە نموونە:

ڕزگار: ئهم!

هەنار: ئەی بە قوربانی ئەو هەمەت بم!

ڕاستییەکەی ئەم «ئهم» و «ئەها»ە ئەو کات تەنیا هەندێ کەسی سەرووی چینی ناوەند و چینی دەوڵەمەندی بەغدا بەکاریان دێنا، لەکاتێکدا بڵاوبوونەوەی تەواویان ڕەنگە دوای پەیدابوونی سەتەلایت، تێکەڵی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردەواری بە ئەوروپا و گەڕانەوەیان بۆ وڵات ئەم جۆرە وشانەی هێنابێتە ناو زمانی ئاخاوتنەوە.

نەشارەزایی پێشمەرگەی شاخ و شار لە جوگرافیای ئەو نێوەندەی تێدا هەڵدەسووڕێن، هەڵەی کوشندەن بۆ هەموو دەستەیەکی شۆڕشگێڕ. نەخوازەڵا بۆ دەستە سەرەتاییەکان لە دیمەنێکدا، یەک لە پێشمەرگەکان بە هاوسەنگەرێکی دەڵێت:

"بۆ دێیەک لەو خوارە!"، بەڵام نازانێت ناوی دێیەکە چییە! ئەمە سەرەڕای قەدئەستووریی هەندێکیان کە زۆر لەو وێنەیەوە دوورە کە پێشمەرگەی تێدابوون وا دەکەن برێکیان زۆرتر بیچم و ڕەنگی جلوبەرگیان بە جاش و قاچاخچیان بچن، پێچەوانەی ئەوەیە کە جەماوەر لە پێشمەرگەی چاوەڕوان دەکرد! لەکاتێکدا ئەمە لەڕاستیدا وا نەبوو، بەڵکە پێشمەرگە جگە لە سووکەڵەیی و زۆرتر یەکڕەنگی پۆشین ماڵ بە ماڵی گوندەکان و ناوی زۆرینەی ئەندامانی خێزانەکانیشیان دەزانی. کاتێکیش بۆ چالاکی دەهاتنە شار، دەیانزانی بە چ گەڕەکێکدا و کامە کۆڵان و بەبەر کامە ماڵ و ستارە و گوێسوانەشدا گوزەر دەکەن! دەنا ئەگەر وا نەبا دەیان جار هەڤدە پێشمەرگەکەی قڕگە شەهید دەبوونەوە!!!

## نواندن

لەم درامایەدا پسپۆرییەکی ئاشکرا لە نواندندا بەدی دەکرێت کە جگە لەو هەموو هونەرمەندە پسپۆڕەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا، هەندێ بەهرەی نوێ دەرکەوتوون کە ڕەنگە بۆ داهاتوو، زۆرتر بتوانرێت بخرێنە کاری سەرکەوتووانەوە، لەوانە ئەو منداڵەی کە ڕۆڵی کوڕی «دڵشاد» دەبینێت، ڕزگار، هەنار، ژاڵە ...تاد.


هەندێ دیمەن، کتومت لە سەیرکردنی فیلمێکی بەڵگەنامەیی دەچێت، بە وێنەی گردبوونەوەی دیار چرپاکەی حاجی لە نەخۆشخانە. لەوەش ڕاستگۆیانەتر، بەرجەستەکردنی دایکێکی سکسووتاو بە مەرگی تاقانە شەهیدەکەی، گریان و لاواندنەوەی عەباس ئەفەندی (ماهیر حەسەن) بە سەر سەری «میران»ی جوانەمەرگکراوەوە، کە بە هەق گۆڕ وایە بە یەک لە دیمەن و ڕۆڵە هەرە گرنگەکانی ناو ئەم درامایە سەیر بکرێن! کەچی زۆرجاریش بینەر سەری لێ دەشێوێت، کە داخۆ سەیری دەقێکی شانۆیی دەکات یان درامای تەلەفزیۆنی، بە نموونەی ئەمانە نواندنی «دڵشاد» لە ژووری ئەمندا، کاتێک چاوی بە «نازدار»ی هاوسەر و کوڕەکەی دەکەوێت!

## کەسایەتییەکان

کەسایەتییەکان بە ئەنقەست گەورە و بچووک کراونەتەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان زۆرتر بەرجەستە بن و لە شیاو نزیک بخرێنەوە، بەڵام وەک ئەوەی کە زنجیرەکە سەرەتا ئاماژە دەکات کە لە بیرەوەری خودی کاک زەنگەنەوە هەڵێنجراوە، بینەر وا دەخەملێنێت کە لە ڕاستییەوە نزیکترن تا فەنتازیا. بۆیە گۆڕانیان لە کارەکتەری نەرێنەوە بۆ کارەکتەری ئەرێن گەلێک جار باش دەشکێتەوە و هەندێ جاریش پێچەوانەکەی سستی لە دڵدا دروست

دەکات، وەک (پێشمەرگە) دیلەکە لە هەرە باشەوە دێتە خوارێ و زەلکاوی مێژوو بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و دروشمەکانی «کوردستان یان نەمان»، یاخود «کەم ژیان و کەڵ ژیان» بەتاڵ دەکاتەوە و جەماوەریش دڵشکاو.

کەچی «عەباسی پیرداود» لە کارێکتەرێکی مەسلەکی و ماستاوچی زۆر بێکەڵکی کۆمەڵەوە، بازێکی گەورە دەدات و دەبێت بە پاڵەوانی هەتاهەتایی، ئەمە لەکاتێکدا ئەم کەسایەتییە گەڕانەوە و تا ئەندازەیەک کۆپییەکی بەرچاوی کارەکتەری خواڕەحمە



دیمەنێک لە «گەردەلوول»

فەندی (ئەحمەد سالار)ی دەقە کوردییەکەی «*پاڵتۆ*»ی (گۆگۆڵ)ە تەنانەت بە تۆنی دەنگەکەشییەوە. هەروەک ئەوەی کۆڵهەڵگرەکانیش گەڕانەوەن بۆ «کێچ» ساڵی ١٩٧٠ و ڕۆڵەکانی هونەرمەندان ڕەئوف یەحیا و عومەر چاوشین.

کاراکتەری «جوان» (خوشکە گەزیزە) تەقەلایەکی بەپێز و ئازایانەی ئەم درامایەیە بۆ زۆرتر ئاشنابوون بە ڕۆڵی ئەو فریشتانەی کە بە دڵ و گیان لە خزمەتی کۆمەڵ و وڵاتدان و زۆرجار هزری دواکەوتووی کۆمەڵ بێویژدانانە بێ بایەخ و تەنانەت ناوزڕاویشیان دەکەن، ئەگەرچی وشەی «سستەرە»، وەک «دکتۆرە» تەواو عەرەباندنی وشەی (Sister)ی پوختی ئینگلیزییە بۆ بینەری کورد کە ئەگەر لەڕاستیشدا وا دەوترێت، ئەمە ئەوڕۆکە قووت ناچێت و کورد ئێستا ڕاستەوخۆ بە گەلانەوە گرێدراوە و پێویستی بە بەغدا نییە لەوەوە فێر ببێت، بۆیە دەبوو ئەم بەرهەمە ئەوە بگرێتە خۆ کە ئەو وشەش ڕاست بکاتەوە و لەبری ئەوە «خوشکە جوان»ی بەکاربردبایە. مەگەر یەک لە ئەرکە سەرەکییەکانی میدیا ڕۆشنبیرکردن نییە؟! هەندێ جار کاراکتەرەکان پاڵنەرێکیان نییە

تا کار لە هەڵسوکەوتیان بکات. «چۆمان» ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، بەڵام نازانرێت لەبەرچی تەنانەت دەزگیرانەکەشی نازانێت بۆ؟ ئەو برای «جوان»ە، کەچی هەرگیز لەماڵدا توخنی باسی بڤە ناکەون و لەبەر ئاشووبی خێزانی و کاکە ژنپەرستەکەیان پارووەنانێکی بێ قڕە نابەن بۆ دەم! خۆ هەرچی دایکەکەشیانە، جگە لە بۆڵە و خوتەی لەتاو بووک و لاواندنەوە بەولاوە، ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت لە پێگەیاندنی کەسێتییاندا!

ئەو ماڵانەی کە وەک خانەوادەی حاجی سەعید بوون، دانسقەی ناو کۆمەڵی کوردەواری بوون لەکاتێکدا بەشێکی بەرچاو "ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە"ی هەڵبژاردبوو، بۆیە ئەرێنی و وەرچەرخانی کاراکتەری حاجی لە پیاوێکی پارێزگاری دوودڵەوە بۆ کەسێکی سەرکێش و ئازاد (لیبراڵ) کە پێشمەرگەی ڕەبەن لەناو خاو و خێزان و ماڵی خۆدا دالدە بدات، بچێتە شانۆ و نمایشی کچەکەی ببینێت وەڵامێکی ڕاستەوخۆی هەموو ئەو دراما ڕەمەزانییانەی دی چەند ساڵی ڕابردووی، (کوردسات)ە کە بەگشتی، حاجییانیان تێیاندا بە بارێکی نەرێنی بەرجەستە کراون.

پۆلیس ئەمجارە لەم بەرهەمەدا، داپڵۆسێنەر نین وەک بۆچوونی باو، بە هێندەی ئەوەی کە بە لێکدانەوەی کۆتایی، داپڵۆسێنراون. زۆرینەیان، بەرتیلخۆر و گەندەڵ وێناکراون. ڕاستە ئەوکات گەندەڵی لەو دامەزراوەدا، وەک هەر دامەزراوێکی دیکەی عێراق دیاردەیەکی زۆر ناوێزە نەبووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەر لە دوای خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق لە ١ی جونی ١٩٧٢، نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، مارسی ١٩٧٥ تا دەستپێکردنی جەنگی

عیراق - ئێران، سێپتەمبەری ١٩٨٠، حکوومەتی بەعس بە ئومێدی هەرچی زۆرتر ڕاکێشانی میللەتی عێراق بەلای خۆیدا پەیتا پەیتا مانگانەی مووچەخۆرانی پتر دەکرد و باری گوزەرانی زۆرینەی فەرمانبەرانی دەوڵەت لە ئاستێکی باشدا بوو و هەرگیز ئەوەندە دانەڕزابوو وەک لە دراماکەدا بەرجەستە کراوە!

سەربارى ئەمەش هەردەم زۆرینەی پۆلیسەکانی کورد لە ڕیزی گەل و میللەتی خۆیاندا بوون و ڕەنگە هەڵمەتی گرتن و پێچانەوەی زۆرینەی ئەفسەر و پلەدارانی هێزی پۆلیسی سلێمانیش لە کۆتایی ١٩٨٠کاندا بە بیانووی ژێربەژێر پێوەندییان بە شۆڕشەوە کە هێندەی نەمابوو، هەموو سەرەونگون بکرێن بەڵگەیەکی چاکی ئەم بۆچوونە بێت، بێجگە لەوەی چەندان قارەمانی شەهیدی وەک «ئاسۆی دەلاک» و «حەمە ڕەش» و...تاد پێش بوونیان بە پێشمەرگە پۆلیس بوون.

## شمەك، پۆشاك، ستایەڵ

بێجگە لە زەنگە کلاسیکەکەی تەلەفۆنەکان کاک زەنگەنە هەوڵی دەدات بە جلوبەرگ و کەلوپەلەکانی ناو دراماکە، بینەرانی تا ئەندازەیەک بگەڕێنەوە بۆ سالانی ١٩٧٠کان. لەو پێناوەدا سەرکەوتووانە توانیویە زۆرینەی ئەو شمەکانە بە کار بهێنێتەوە کە ئەوسا باویان بوو، وەک زەرفی بۆری کاغەز لەباتی ئەو عەلاگە ڕەشەی کە ئێستا بۆتە دێوەزمە و بینەقاقای ژینگەی کوردەواری گرتووە، تەپلەکی جگەرەی سێگۆشەی فافۆن، کورسیی ڕایەڵی نایلۆن، فەرشی حەجی لادیوار، عەلادینی ئینگلیزی..تاد

کەچی کورسییەکەی ژووری فەرمانگەی عەباسی پیرداود زۆر مۆدێرنترە لەوەی ئەو زەمان لە ژووری مووچەخۆرێکی هاکەزایدا خولابێتەوە.

ئەو ڕادیۆیەی کە لەسەر سنگی باوکی شێرکۆ، (کاوە ئەحمەد میرزا) کاتێ بە شەفتولی لەناو خێزانەکەیدا قاچەکانی ڕادەکێشێت، لەنگەری گرتووە، یان ئەو تۆمارکەرەی لە بەردەستی «ژاڵە»دایە، ڕاستە ڕەنگە ئەو عەیام دیترابن، بەلام ئەو دۆخەی لە «گەردەلوول»دا، ئەو ئامێرە کارەباییانەی تێدان، پێویستە زۆر نفت و نوێتر بنوێن و بریقەی ئەوکاتیان لێ هەڵبستێن نەک ڕەنگچوونەوەی ئەمڕۆ وەک ئەوەی کە دەردەخرێن!

بەرگی شین و خۆڵەمێشی قوتابیانی زانکۆ و پانتۆڵی فشەڵی «چارلستۆن»، ئێخەی پانی چاکەت و کراسی پیاوانە..تاد.(١١) تارادەیەک دەچوونەوە سەر ئەوانەی ١٩٧٠کان، بەلام پێڵاوی کوڕان، نوێ بوون و نزم لە کاتێکدا دەبوو پاژنەبەرز و لووتپان بوونایە و قایشی پانتۆڵیش دەبوو پان و ئاوزەنگ گەورە بن.



بەشێک لە ئەکتەر و کارمەندانی «گەردەلوول»

هەندێ جاریش تێکەڵو پێکەڵی لە ستایەڵدا کراون، بۆ نموونە قژ و پەرچەم برینی کوڕانە و کچانە سەر لە بینەر تێک دەدەن، ئەمە ئەمڕۆیە یان ١٩٧٠کان. کوا ئەوکات ئافرەتان لە تەوقەسەرەوە قژیان ئەو جۆرە نیوەمێشە کاڵە دەکرد وەک «هەنار»، لەکاتێکدا ئەوەی کە پێشتر باو بوو ڕەنگێکی زەرکەفتی زەق بوو کە ئەویش بە زۆری لە سەرەتای ١٩٨٠کانەوە بەرەوی سەند؟! کوا کوڕان کاکۆڵیان بە جێڵەوە لە ناوەڕاستدا دادەهێنا وەک هاوپۆلەکانی «ڕزگار و هەنار»؟ جگە لەوانەش چاویلکەکان ئەوانەن کە ئەمڕۆکە لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەن نەک ئەوانەی (چاویلکەسازی ڤینۆس) ئەوکات خاسیان دەکردن.

## بەردەوامی

لە هەموو کارێکی دراماییدا دەبێت پەیڕەوی خاڵێکی گرنگی تر بکرێت کەوا لە بینەر بکات تێ بگات ئەو دیمەنەی کە ئێستا دەیبینێت ئەوە هەمان گواستنەوەی کامێرایە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە، بێ ئەوەی کات و سەردەم بگۆڕدرێن، مەگەر بە مەبەست نەبێت. بۆ نموونە: کاتێ کاراکتەرێک هەڵدەستێت و لە یەک کاتی دیاریکراودا لە خاڵی «١»وە دەچێت بۆ خاڵی «٢» کە ڕەنگە چەند هەنگاوێک لێک دوور بن، یان چەند قۆناغ و فرسەخێک، دەبێت ئەگەر دیمەنی دووەم ساڵێکیش دوای یەکەم گیردرابێت دەرهێنەر (یان کەسێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە) ئاگاداری ئەوە بێت کە هەمان دۆخ، ڕووخسار، جلوبەرگ، مەکیاج، قژبڕین و هەموو وردەکارییەک وەک خۆی

بهێڵێتەوە، لەم لایەنەوە، لەم درامایەدا زۆرجار ئەمە جێبەجێ نەکراوە، بە نموونە وای لێدێت کە زۆرینەی بینەران تێ بگەن ئەو لاجانگەی «ڕزگار» جارێک گەشەی دوو ڕۆژ، هەندێ جار سێ ڕۆژ..تاد لەوە پێشە و هی هەمان ڕۆژگار نین! بۆیە خۆتەرخانکردن بۆ کارێکی وا مەزن، بە کەمتەرخەمیی دەرهێنەر، بەرهەمهێن و خودی ئەکتەریش دەخوێندرێتەوە!

## مەکیاج

یەک لەو ئامرازە گرنگانەیە کە بە دەست دەرهێنەر و بەرهەمهێنی کاری دراماییەوەیە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت تەمەن، باری دەروونی، دۆخی بەرجەستەکراو... تاد پێ بەرجەستە بکرێت. ئەگەرچی لەم درامایەدا ئەرکی سەرشانی هونەرمەندانی مەکیاجکار نییە کە وێنەی یەکێک بکێشن تا تەواو لە کەسێکی دیاریکراو بچێت (بە وێنەی کاراکتەرێکی ناسراوی مێژوویی)، کە دیارە ئەرکەکەی زۆر بۆ گرانتر دەکردن، بەڵکە کاراکتەرەکان لە هزری نووسەر یان سیناریستەوە سەرچاوە هەڵدەگرن و مایەی دەسکارین و سەربەستیی یاریلەگەڵدا‌کردنیان زۆرتر دەڕەخسێن!

زۆرینەی ئەوانەی کاتی خۆی لە دەستگا داپڵۆسێنەرەکاندا کاریان دەکرد، جۆرە سیمایەکی جیاوازیان هەبوو، کە هەموو کەسێکی ئاسایی دەیناسینەوە و خۆی لێ دەپاراستن، ڕەنگیان ئەسمەرتر بوو، لۆچی دەموچاویان نەخشەیەکی تری هەبوو، مۆن و مرومۆچ بوون، سەر و سمێڵیان بۆر یان ڕەشتر بوو، چاوەکانیان جۆرە فریوێکی تایبەتیان تێدا بوون، کەچی برێکی زۆری ئەمانەی ناو ئەم بەرهەمە، لە زۆر دیمەندا ئەو هەستە جیاوازە و ترسە لای بینەر

دروست ناکەن و ئەگەر دایەلۆگەکانی لێ دەربهاویژرێن، لە خەڵکی ئاسایی دەچن و خەسڵەتی تایبەتیان نییە، کە دیارە بە مەکیاج تا ڕادەیەک چارەسەر دەکرێت!

سەرەڕای ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی دراما تەلەفزیۆنییە کوردییەکانی تا ئەوڕۆکەدا، لە «*گەردەلوول*»دا مەکیاج ڕۆڵی زۆرتر دەبینێت، ئەگەرچی نایەکسانییەک لە دابەشکردندا بەدی دەکرێت، ئەوەتا بێجگە لە سیمای «دڵشاد» کە بارەها گۆڕانکاری تێدا هەن، کە دیارە لایەنی (بەردەوامی) ئازار دەدات، ئەوانی دیکە زۆرتر لە هەرکەس بۆ خۆ دەچن، بنوارِن زۆرینەی کات تەنانەت لە کاتە ناخۆشەکانیشدا «ژاڵە» هەمان پێوەر مەکیاج دەکات. جگە لەوەی بۆیەی تێری نینۆکی کیژەکارمەندەکان، لە بابەتی قاوەیی هی ئەو زەمان نین، وەک ئەوەی ئەوکات ئەو ڕەنگانە باویان نەبوون!

## ڕەنگ

ڕەنگ کاراکتەرێکی زۆر زیندووی هەموو بەرهەمێکی نیشاندراوە کە بێجگە لە لایەنی سایکۆلۆجی، خوێندنەوەی ڕامیاریانەش لە ئەستۆ دەگرێت. بە نموونە، لە زۆر جێگە ڕەنگی سپی پاکژی و بێگەردی دەنوێنێت، وەنەوشەیی، ڕەنگێکی شاهانەیە. ڕەنگی سوور، (مەکە و بقە) وەک لە ترافیکلایتدا و هەروەها چەپایەتیش بەرجەستە دەکات، لە زۆر جێگە ئەمە مانای تۆڵەسەندنەوەش دەگەیەنێت، وەک لەناو خێڵە عەرەبەکانی ڕۆژئاوای عێراقدا باوە، ئەوکاتەی کە جامانەی سوور لە سەر و مل دەئاڵێنن، لە فیلمی *The Searchers* جۆن فۆرد، ١٩٥٦یشدا ئەمە بە ئاشکرا دەبینرێت کاتێ (ئیثان ئێدوەردس) «جۆن وەین» کراسێکی سوور لە بەر دەکات و بۆ تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی کەسوکارەکەی لە ئاوزەنگ دەدات!

ڕەنگی سوور، لەوانەیە ئارەزووی توخمیش بگرێتەوە، دەشێ سوورباویی چاکەتەکەی «شێرکۆ» و سوورە زەقەکەی ئەوەکەی «ژاڵە» ئەوەیان تێدا بخوێنرێنەوە، بەڵام کە ئەو سیخوڕە دەبینرێت بە جلکی کرێکارییەوە دوای «جوان» دەکەوێت و ملپێچێکی سوور لە مل دەئاڵێنێت، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوە هەم کەسێکی چەپە خەڵکی لەدەمەوە دەدات و هەمیش تۆڵە دەکاتەوە! ئەمە بە دەمیش لە زاری منداڵێکەوە کە لە سیلەی کۆڵان لەگەڵ هاوڕێکانیدا هارەبانی و وازی دەکات دەوترێت کە (کوڕێکی ملپێچ سوور لەگەڵیان بوو بە شوێن ئەمدا دەگەڕا)، کە دیارە لەگەڵ ئاراستەی گشتی دراماکە یەک ناگرنەوە!

ڕەنگ، لە جێگەکانی دیکەی بەرهەمەکەدا تەواو ئافەرۆز کراوە، ماڵی حاجی سەعید و جێگەکانی تر کاراکتەری ڕەنگیان لێ تۆراون، دیوارەکان زۆرینە کاهین، جێگەکان لە یەک دەچن و جاڕسکەرن. ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا بە هەڵواسینی جاجمێک ئەمە گۆڕانکاری تێدا دەکرێن، بەڵام ئەم هەڵخستنە کێشەی تر دەخوڵقێنن، بە نموونە لەوە دەچێت، بەڕێوەبەری ئەمن(١٢) لە ئەشکەوتەکەی بن لادن و زەواهیریدا ببزوێت، نەک لە ئەمنی سلێمانی!!



دەرهێنەر و ئەکتەرانی «گەردەلوول»

## کامێرا

بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی دراما تەلەفزیۆنییەکانی دوای ڕاپەڕین، «*گەردەلوول*» گۆڕانکارییەکی چاکتری لە تەکنیکی بەکارهێنانی کامێرادا تێدا بەدی دەکرێت و تا ئەندازەیەک خۆ لە گرتەی باوی دراماکانی پێش خۆی دەپارێزێت، قەوارەی گرتەکان گۆڕانکارییان تێدا دەبینرێت و گۆشەکانیش هەروەها. لە کاتی هەڵمەتەکاندا بۆ سەر ماڵی حاجی، کامێرا بە کرێن لە سەرەوە گرتنی ڕۆڵێکی چاک دەبینێت، لە نیشاندانی زۆری هێرشبەران و شێوازی دڕندەی پەلاماردانیان بۆ سەر ماڵی خەڵکی. جگە لەوە بە «کلۆس ئەپ»ی سەر دەموچاوی چەندانێک لە پێشمەرگە قەتیسەکانی ژووری سەرەوەی ماڵی حاجی لە لاشیپانی دەرگاوە، بە یەک لە هەرە جوانترین دیمەنەکانی کامێرای «*گەردەلوول*» دەخوێندرێنەوە، کە تێیدا باری سایکۆلۆجی ئەو بڕە کارەکتەرە بە هەموو دڵەڕاوکێ، ترس و بیم و ئامادەی گیانبەخشییەکەوە لە چرکەساتێکدا هەڵدەسەنگێندرێت. بڕێک جاریش کە دایەلۆگێک لەنێوان دوو کاراکتەردا بەڕێوە دەچێت، هەست دەکرێت کە گواستنەوە لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی دیان بەدی دەکرێت و هەندێ بۆنەش شارەزایانەتر کاراکتەرەکان لە دیدی یەکدیەوە نیشان دەدرێن.

ئەگەرچی ئەمە هەر ماوەیەک برِ دەکات، دواتر بیر دەچێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر بای بەرە کۆن! «کلۆس ئەپ» زۆر جار هەڕەمەکییانە بە کار دەهێنرێت، بێ ئەوەی هیچ مانایاکی ڕامیارییانە ببەخشێت و وا لە بینەر بکات تێکەڵ هەست و نەستی کارەکتەرەکان ببن، بە نموونە بێئاگایی کامێرا لە ئاست یەک لە هەرە گرنگترین ساتەکانی ئەم درامایە ئەو کاتەیە کە پێشمەرگە گیراوەکە بەرەوپاش بە دەرگای زیندانەکەوە هەڵواسراوە و داوای ئاو دەکات و دەڵێت: "من ئیتر بەرگە ناگرم، چی دەزانم دەیڵێم"، کلۆس ئەپی تێدا نییە، تا باری دەروونی ئەو کاراکتەرە بخوێنرێتەوە، کەچی لە زۆرینەی دیمەنە دڵدارییەکاندا ئەمە بەتایبەت بە نێوچاوانی ئەکترەسەکانەوە دەنووسێن!

## کات و شوێن

دوو کاراکتەری سەرەکی هەموو کارێکی درامایین، لەم زنجیرەیەدا بە مەزەندە ساڵ ناوەڕاست بەدواوەی هەزارونۆسەد و حەفتاکانە، بەڵام وەرز و مانگ تۆزێک کەمتر لە بەرچاو گیراون. شوێنیش سلێمانییە بە ناوچەکانی دەوروپشتیەوە، هەرچەند دەبوو ئەم زانیارییانە کامێرا بە بینەری بڵێت، نەک بینەر بۆ خۆی ڕەمڵ لێ بدات و لە زاری کاراکتەرەکانەوە بیانبیستن، کەچی زۆرجار بە هەردووکیش بەرجەستە نابن. بۆ نموونە ئەو زیندانەی لەم درامایەدا گیراوە ڕامیارییەکانی تێدا مۆڵ دراون، هێندە فراوانە لەچاو ئەوانەی ئەوسادا، کە سەردەمانێکی دوورودرێژ بە ڕۆڵەکانی گەل سیخناخ بوون ئوتێل فەرەح و کۆشکی ڕەزاخانە. ئەمە تەواو پێچەوانەی ڕاستییەکانە و زۆر لەوە خۆشترە کە

یەکێکی وەک ئەو پێشمەرگە چەلەنگە هەروا زوو خۆی تێدا بدات بە دەستەوە و ئاشبەتاڵی لێ بکات!

## ڕووناکی

زۆرینەی دیمەنەکانی «*گەردەلوول*» بە ڕۆژی ڕووناک گیراون. ماڵی «حاجی سەعید» زۆرتر لە پێویست ڕووناک کراوەتەوە، ئاستی ڕۆشناییش لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دی هەمان جێگە وەک یەکە و بە یەک تۆن دەڕوا بەڕێوە. زۆرجاریش بینەر دەگوازرێتەوە بۆ ژووری داخراو کەچی دەبینرێت هەمان پلەی ڕۆشنایی بەردەوامە، کە نە هیچ مانایەکی دراماتیکی دەبەخشێت و نە بینەریش دەچێتە ئەو کایەیەوە کە هەست بە جیاوازیی دوو دۆخەکە بکات. دەبینرێت زیندان و ئەو ژوورەی کە «دڵشاد» تێیدا چاوی بە هاوسەرەکەی دەکەوێت، چراخانێکی تەواون!، تەنیا کات کە تا ڕادەیەک تاریکن ئەو کاتانەن کە بە شەو هەڵدەکوترێتە سەر ماڵان، کە «جوان» بە دیلەکە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، یان کە هاموشۆی یانەی فەرمانبەران دەکرێت و ڕەنگە سەوز و شینەکەی گڵۆپی دالان و ڕاڕەوەکەی دەردەکەون!

بۆیە کاک زەنگەنە دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرێت کە نابێت ڕووناکی هێندە تەخت بێت، بەڵکە سێبەر و تاریکیش واتای تایبەتی دەبەخشن و گرنگن لە بەرجەستەکردنی مانا و دیمەنەکاندا! مەگەر وشەی «فۆتۆگرافی» مانای وێنەکێشان بە ڕووناکی ناگەیەنێت (مەبەست وێنەگرتنە بە هەموو جۆرەکانیەوە)!

## ئەنجام

دەمەویست باشتر لەسەر میز ئۆن سێن[١٣] بنووسم و مۆنتاجیش بە سەر بکەمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە دیمەنەکانم هەموو لە یاد نین و هیچێکیانیشم تۆمار نەکردوون لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە باسەکە دەبوو بە باسێکی وشکی بیردۆزی، کە ڕەنگە خوێنەرانی ئەمێستا بتۆرێنن، لێدەگەڕێم.

من بۆ بەدواداچوونی ڕاستیی چالاکیی پەلاماردانی پارێزگاری سلێمانی، دیسەمبەری ١٩٧٦، بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە کاک فوئاد یاسین و کاک ئاوات قارەمانییەوە کرد کە سوودی زۆرم بۆ ئەم نووسینە لێوەرگرتن، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی دەرەخسێت لەگەڵ زۆرترین ژمارە لەو سەرکەشانە بدوێم، بە ئومێدی تێگەیشتن و ساغکردنەوەی ڕاستییەکان، هەمانکات بۆ ئەوەی مافی هیچ کەسێکیان نەخورێت، ناو و زانیارییە ورد و بەنرخەکانی ئەو دوو بەڕێزە بۆ بۆنەیەکی تایبەتتر و شیاوتر هەڵدەپەسێرم!

«*گەردەلوول*» گەلێک لەوە زۆرتر دەهێنێت کە ئاوا بە پەلەپڕوزێ لە سەری بنووسرێت و نەوسنانە هەندێ نموونەی کەمی لێ هەڵبژێردرێن. ئومێدە کاک زەنگەنە بەردەوامی بەم هەوڵە ئازایانە بدات و کۆمەک و پشتیوانی بکرێت تا لەمەودوا بتوانێت بە فراوانکردنی دەستەکەی و پەیداکردنی کەسانی دیکەی پسپۆڕ بۆ بەتەنگەوەهاتنی ئەو لایەنانەی بە کورتی شرۆڤە کران، جەماوەرێکی بابەتی و زۆرتری بۆ پەیدا بێت، کە هێندەی تر پابەندیان بەم زانگە و دارالمولکی بابانەوە قووڵتر بکەنەوە، خۆزگە بخوازن ئەم سلێمانانەی زەمانەش بە زەبری حەملەیەک بەغدا تەسخیر بکەن و تێهەڵدەن و ئەوساکە هەموو پێکڤە بگوڕێنین کە مەحکومی و سوخرەکێشی بەسە ئیتر![١٤]

## پەراوێزەکان

١ـ شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

٢ـ هیوادارم ناوەکانم لێ تێک نەچووبن وەک ئەوەی کە «ژانی گەل»م لە بەردەستدا نەبوو، سی ساڵێکیش لەمەوبەر خوێندومەتەوە!

٣ـ لێرەدا مەبەست لە گەمەی باوی پێکەوەنانەوەی ئەو پارچەتەختانەیە کە پێکڤە، دیمەنێک پێک دێنن و پێبەپێی تەمەن ورد و سەخت دروست دەکرێن کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت: (پەزڵس).

٤ـ «کاک محەمەد بەگی مەحمود بەگی جەڕاح»، کە مامی هەردوو شەهیدان (شەماڵ ئەحمەد بەگ و هەڤاڵ ئەحمەد بەگ)ە تەمەنی سەروو هەفتا ساڵە و ئێستا دانیشتووی لەندەنە کاتی خۆی برینپێچ بوو لە نەخۆشخانەی سلێمانی، زۆر بەدڵنیاییەوە بۆی باسکردم کە ئەو دەزانێت ئەو «جوان»ە کێ بوو!

٥ـ «ئاوات» بۆ خۆی ئەکتەرێکی بەتوانا بوو، سەرەتای ١٩٧٠کان لە نمایشێکی «دواناوەندی ئەزمڕی کوڕان»دا دیتم ڕۆڵی چایچییەکی دەدیت کە تڵپەچای قووت داوە، ئەم ئەستێرە بەدوای ڕووناکیدا تەریوە هێندە مەرد بوو، بەیانی لە سێدارەدانی لە بەردەم پارێزگاری موسڵ و بەعسییەکاندا دوای ڕوونکردنەوەی بێمنەتی و بێباکی لە هەموویان بە سروودەوە چووە سەر پەتی خنکاندن. ئاوات نەیهێشت توورەکەی ڕەشی بکەنە سەر و وتی: "ئەوە بۆ کەسانی ترسنۆک کراوە"!!، من پێشتر لە «ئەو ساتانەی بیر ناچنەوە»، (پەیام)، ژمارە ١٢ لەندەن، دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٨دا، لە زاری «عەباس چاوشین»ی هاوزیندانییەوە، کە لەبەر چاویدا شەهید لە سێدارە درابوو باسی ئەم هەڵۆیەم کردووە.

٦ـ بە بڕوای من ئەم پۆرترەیتە کتومت، خاتوو شیرین. ک بوو، نەک هی کەسێکی دی بە دەزگیرانەکەی (چۆمان)، خۆیشیەوە، هیوادارم بە هەڵەدا نەچووبم.

هاوە گیان، یەک لە هەرە نزیکترین هاوڕێیانی منداڵی و مێردمنداڵیم بوو، لەگەڵ دڵشاد مەریوانی و کۆمەڵێک ئەندامی ڕێکخستنی دیدا، ساڵی ١٩٨٣ لە هەوڵی لەناوبردنی «شێخ جەعفەر بەرزنجی» پارێزگاری سلێمانیدا، دوای ئەوەی لە لایەن «هاوڕێ»یەکی ناهاوڕێوە، چاڵیان بۆ هەڵدەکەندرێت کەوتنە تەڵەوە و حوکمی سێدارە دران. دواتر لەمیانەی دانوسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەعسی عیراقدا ١٩٨٣–١٩٨٤ بەر لێبووردن کەوتن.

کە جانیوەری ١٩٨٥ ئاگربەس هەڵوەشایەوە، هاوڕێ پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردەوە و لەدوا سێیەکی مانگی ئەپریلی ١٩٨٨ لە هەڵمەتی ئەنفالدا، کاتی هەوڵی پەڕینەوەی لە بازیانەوە بەرەو سنووری مەڵبەندی سێ، سەرنگون بوو.

مامۆستا مەریوانی زاوای هاوڕێ بوو، هۆنەر، هونەرمەند، کوردیزان و شۆڕشگێڕ بوو، زۆر پاش تێکچوونەوەی دانوسان لە تۆڵەی ئەو کارەی، بە بیانووی فێرکردنی قوتابیانی بە خوێندن و نووسینی کوردی بە «ئەلف و بێ»ی لاتینی لەناو شاردا گیرایەوە و زۆر دڕندانە لە ئەمنی سلێمانی شەهیدیان کرد. ناهاوڕێکەش دواتر دەرکەوت ئەفسەرێکی سیخوڕی ژێربەژێر بوو، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، لە دهۆک بە ئەفسەری دامەزرێندرا و بە جلی مۆڵکیەوە برەوی بە ئیشکەی دا!!

ئەم دەستەواژەیەی «شەهیدی زیندوو»م لە خودی هاوڕێی هاوڕێم بیست کە دوای ئازادکردنی لە زیندان سەردانی مام جەلالی کردبوو، ئەویش لەناو کۆمەڵێکی زۆردا ئاوای بە ئامادەبووان ناساندبوو!

٧ـ هیوادارم لە دەستنیشانکردنی ناوەکاندا لێم تێکەڵ نەبن کە «عەلی عەزیز» بوو نەک «خەلیل موراد وەندی». خوالێخۆشبووی یەکەمیان گۆرانییە بەناوبانگەکەی ئەوکاتی، «ئای ئەزیزم بینایی چاوانم» بوو، دووەمیش کە تێ دەگەم ئێستا نیشتەجێی هەولێر بێت گۆرانیی «خۆشەویستەکەم ئارامی گیانم»ی دەچڕی، بەڵام ئەوەندە دەستپێکەکان لە یەک نزیکن نایەتەوە یادم کامیانن!!!

٨ـ ئەمە بە ئینگلیزی (نۆستەلجیا)ی پێ دەوترێت کە سۆز بۆ ڕابردوو و نیشتمان دەگرێتەوە.

٩ـ من دوو یادگاری خۆش و هەمانکات تاڵم لەگەڵ ئەم یارییانەدا هەن،

یەکەم: هاوینی ١٩٧٨دەمی تاقیکرنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی ئامادەییم بوو، دایکی گەورەم (ئاتەخان حاجی مەلا محەمەد) کە دەیبینی من واز لە کۆششی سەری ساڵم دێنم و بە کۆمەڵی لەگەڵ خزم و هاوڕێ و کەسوکاردا پەرۆشی یارییەکانین، دەیووت: "ئەمە دەسیسەیە ئەو (س...بابانە) بۆیە لەم کاتەدا دەیگێڕن تا ڕۆڵەی خەڵکی ئیمتیحانەکانی پێ نەدرێت".

دووەم: ئەو زەمان ئێمە پێمان هەڵنەدەسوورا کە تەلەفزیۆنی ڕەنگیمان هەبێت، «کاک شێخ کەمالی شێخ تەیب» کە باوکی پوورزاکانمە، دوای ئەوەی کە تەلەفزیۆنەکەی خۆی گۆڕی بە ڕەنگی، نایلۆنێکی هەبوو لایەکی زەرد و ناوەڕاست سوور و بەشەکەی دیش شین بوو، دەگیرا بە پەردەی تەلەفزیۆنەکانەوە، بەخشی بە من و منیش گرتم بە پێشی تەلەفزیۆنە ڕەش و سپیەکەمانەوە. کە یارییەکان دەستی پێکرد و تۆپەکە لە زەویەوە بەرز دەبووەوە، ئەو کولەکەی ڕۆحەم لە پێشدا ڕەنگی زەرد بوو، دەگەیشتە ناوەڕاست سوور هەڵدەگەڕا و کاتێ دەچووە ئاسمانیش شین دەبۆوە و کە دەشکەوتەوە خوارێ ئەوە بە پێچەوانەوە، ئەمە گوایە بە خێرێ سەیری یارییەکان بە ڕەنگی دەکەین.

خوا چاک بۆ یانەی وەرزشی سلێمانی بکات، کە تەلەفزیۆنێکی ڕەنگی لە حەوشەکەی پشتەوەی دانابوو، لە هەردوو چیمەنە درێژکۆلەکانیدا سەیری ڕەنگی بەلاشی بۆ زۆرینە ڕەخساندبوو و تاسەی شکاندین.

١٠ـ ڕزگار محەمەد ئەمین، ١٩٥٦ سلێمانی، ئەو دادوەرە کوردە بێباک و ئازایەی، کە هەنووکە دادگایی گەورەترین دیکتاتۆری سەردەم و یاوەرانی دەکات.

١١ـ ئەوکات تازە کاک «کەمال شەریف»ی بەرگدروو، لە خوالێخۆشبوو کاک «عومەر شەیدا»ی وەستای جوێ بووبووە و هەر لە شەقامی مەولەوی لە ئاستی سەر پردەکە چەند دوکانێکی لێک دابوو، نرخی چاکەتدوورین هەردەم لەنێوان هەردووکیاندا لە بەرزبوونەوەدا بوو، هەمیشە دوو دینار، دوو دینار سەر دەکەوتن، ئەوکات وا تێ دەگەم نرخی دوورینی چاکەتێک ٢٨ بۆ ٣٠ دینار بوو.

١٢ـ ئەم دەستگا دڕندە داپڵۆسێنەرە ناوەکەیم هەروەک خۆی نووسیوە و کورداندنی ناوێت، وەک ئەوەتەی هەیە وا هاتووە و ناسراوە.

١٣ـ میز ئۆن سێن: وشەیەکی فرەنسییە واتە ئەو ڕووداوانەی کە دەگیرێن و هەم شێوەی گرتنیان بە مانا فراوانەکەی.. بە مانا بەرتەسکەکەشی واتە هەرچی لە بەردەمی کامێرادا بە دەردەکەوێت هەر لە شوێندارێژی، ڕووناکی، جووڵە، ئەکتەر...تاد.

١٤ـ سەرتاپا هێما بە هەمان هۆنراوەی شێخ ڕەزا.

لەندەن: دیسەمبەری ٢٠٠٥

awatnamiq@hotmail.com

# ئانێت هێنەمان و تیاترۆ دینەسکۆستۆ

مەڵبەند ـ ئیتالیا

لە جیهانی شانۆی نوێدا، شانۆی ڕۆژنامەگەریی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە و ژمارەی هەوادارانی ئەم جۆرەی شانۆیە هەر دێت و گەشە دەکات، چونکە ئەو گروپانەی کە شانۆی ڕۆژنامەگەریی پێشکەش دەکەن زۆر کەمن و ئەوانەی هەشن، ئەم کارەیان زادەی ویستێکی زۆر بەهێزی خۆیانە بۆ زانینی هەواڵی ڕاستەقینەی جیهان و ڕاگەیاندنی بە نێو خەڵکدا بە شێوەی شانۆ، نەک لە ژێر کاریگەریی پارتە سیاسییەکان یاخود ڕەدووی مۆد کەوتن! یان دەکرێ بگوترێ لەسەردەمی بێ متمانەییدا بە میدیا و ڕاگەیاندنەکان، گروپەکانی شانۆی ڕۆژنامەگەریی بەشێوەیەکی گشتی متمانەو بڕوایەکی زۆری خەڵکی ڕاستی خوازیان بەدەستهێناوە.

لە دونیای شانۆی ڕۆژنامەگەرییدا، خاتوو ئانێت هێنەمان بە یەکێک لە دەرهێنەرە زۆر دیارەکانی ئەم جۆرەی شانۆ دەژمێردرێت، نەک هەر لەسەر ئاستی ئیتالیا بەڵکو لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهانیشدا. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە «ئاوارە و پەنابەرەکان» یەکەم هاندەر بوون بۆ ئەوەی ئەم ژنە دەرهێنەر و ئەکتەرە، کارەکانی خۆی لە شانۆی تەجروبییەوە بگۆڕێت بۆ شانۆی ڕۆژنامەگەریی. هەروەک خۆی دەڵێت: "بۆ یەکەمجار گەیشتنی سەدان و هەزاران کەس بە بەلەم و بە قاچاغ بۆ کەنار و وشکانییەکانی ئیتالیا، سەرنجی زۆر ڕاکێشام. بۆیە بڕیارمدا لەو هۆکارانە بکۆڵمەوە کە ئەو خەڵکە لەبەری هەڵدێن و هەموو بوون و زێدی خۆیان بەجێدەهێڵن و بەو شێوە پڕ چەرمەسەرییە ڕوو لە وڵاتانی ئەوروپا دەکەن."

ساڵی ١٩٩٧ ئانێت خان لەگەڵ هاوکارەکەیدا «جانی کالاستری» بۆخۆیان چوون بۆ باشووری ئیتالیا بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئەو پەنابەرانە ببینن کە دەگەیشتن. یەکەمجار چوون و چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا سازدا کە گەیشتبوون، کە ئەوکاتە کوردی باکوور بەشێکی گەورەی پێکدەهێنا لەو پەنابەرانەی هانایان بۆ ئەوروپا دەبرد. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر و تێگەیشتنی چرووپڕی کێشەی ئەم خەڵکە، بڕیاریاندا بچن بۆ باکووری کوردستان. ماوەیەک لە شارەکانی



ئانێت هێنەمان


ئامەد «دیاربەکر» و ئەستەنبوڵ مانەوە و ژیانیان لەگەڵ ئەو کوردانەدا بردە سەر کە مافی کوردبوونیان لێ زەوت کرابوو و زۆربەی کات چەندین کەس پێکەوە لە ژوورێکدا دەژیان کە ترس و دڵەڕاوکێی پۆلیس و جەندرمە زۆرتر لە هەوا ڕووبەری کوڵبەکەیانی داگیرکردبوو، بێبەش بوون لە سەرەتاییترین مافەکانیان وەک مرۆڤ، بەشکردنی ژیان لەگەڵ چەند دەستەخوشکێکی کورد کە بە تەنیا هاتبوونە ئەستەنبوڵ و بە ناچاری بە درزیەوە لە کارخانەدا کاریان دەکرد و بە نهێنیش کاری ڕێکخستن و کوردایەتیان دەکرد سەرنجی ئانێتی زیاتر ڕاکێشاو زیاتر خولیای زانیاری کرد لەسەر گەلەکەیان، هەروەک لەوکاتەدا کورد لە باکووری کوردستان بۆیان نەبوو تەنانەت بە کوردیش قسەبکەن، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی کولتووری و ڕۆشنبیریی خۆیان لە بنکەکانی وەکو «میکەمێ» بەردەوام و گەشە پێدەدا. ئاکامی ئەم سەفەرەیان شانۆیەک لەدایکبوو بەناوی «ژ کوردستان دوور» کە بە ڕاستەوخۆ بۆ جەماوەر و ناڕاستەوخۆ لە سەر شاشەکانی «میدیا تی ڤی» پێشکەشکرا. لەم شانۆیەدا ئازارەکانی گەلی کورد بەرجەستە کراوە لە چەند کارێکتەرێکی جیاوازدا، هێدیە وەک دایکێک ئازارەکانی خۆی باس دەکات و باس لە کوڕە گەنجە شەهیدەکەی دەکات وەک ئەوەی هەمیشە لەگەڵیدا بێت، وەک دایکێک باوەڕ بە مەرگی کوڕە پێشمەرگەکەی ناکات. سمایلیش وەک مامۆستای گوندەکە یادگارییە شیرین و تاڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و سیپانیش خەونی ئاڵۆز دەبینێت بە هاتنی جەندرمە بۆ گوندەکەیان و وێرانکردنی بە بەهانەی ئەوەی گەریلا دەحەوێننەوە. لەم شانۆگەرییەدا دەنگی گۆرانییەکی خەمباری هۆگر (کە پێشمەرگەیەکی شەهیدە) تێکەڵی هەستی مرۆڤ دەبێت و پرسیارێکی گەورە لە ناخدا درووست دەکات کە بۆچی کوردیش وەک گەلانی تر نییە.

لە میانەی کارکردن لەگەڵ کورداندا، ئانێت لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی تری ئەوروپایی ئاشنایی پەیدا کرد کە ئەوانیش کاریان لەسەر دۆزی کورد دەکرد، بەڵام بەشێوەی جیاواز جیاواز، یەکێک لەو کەسایەتیانە «دینۆ فریزۆلۆ» بوو، کە لە ماوەی ژیانیدا جارێک زیندان کرابوو لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە وەک ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوێکی ئاشتیخوازی ئیتالی و پاش بەربوونیشی لە زیندان لە ژێر فشاری دەوڵەتی ئیتالیادا، دەوڵەتی تورکی مەرجی لە سەردانابوو کە جارێکی تر سەفەری تورکیا نەکات. هەر لەو ماوەیەی کە کاری لەسەر کورد کردووە لەگەڵ چەندین ڕێکخراو و کەسایەتی تردا پەیوەندی درووست کردووە و هەندێکجار پرۆژەی هاوبەشیان پێکەوە بەڕێوەبردووە، وەک لاورا شرێدەر، ئیۆلێ پینتۆ، ڤیتۆریۆ ئەنیۆلێتۆ، سیلڤانا بەربێری و چەندینی تر کە لە چەندین هەوڵی هاوبەشدا پێکەوە هەوڵیان داوە دەنگی کورد بەشێوەیەک بگەیەننە جیهان، هەق وایە بە ویژدانەوە بڵێین ئەم کەسایەتیانە سەفیری کوردبوون و داکۆکیان لە مافەکانی ئەو گەلە کردووە.

بۆ درێژەپێدان بە ناسینی باشتری گەلی کورد و کێشەکەیان، جانی کالاستری و

ئانێت هێنەمان ئەمجارەیان ڕوویانکردە ئێران بۆ ئەوەی سەردانی کوردستانی باشوور بکەن، بەڵام بەداخەوە پاش مانەوەیان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک، دەوڵەتی ئێران ڕێگەی نەدان کە بچنە کوردستانی باشوور، بۆیە بەناچاری گەڕانەوە بۆ ئیتالیا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوە بوو کە ئەم سەفەرە نەزۆکەشیان شانۆگەریەکی نوێی بەپێزی لێ بوو بەناوی «سەبری ئەیوب» ئەم شانۆگەرییە چیرۆکی ئەو کوردانەی کوردستانی باشوور لەخۆدەگرێت کە لە هەمان هوتێل دا بوون لەگەڵ جانی و ئانێت دا و سەرگوزەشتەی ڕاستەقینەی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە لە هوتێلەکانی تاران و کرماشان بە چەند مانگ دەبوو بمێننەوە بۆ ئەوەی سەفەر بکەن بۆ کوردستانی باشوور یان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئەورووپا و ئەمریکا. دیارە ماوەی مانەوەیان لە ئێران، کاتیان بەفیڕۆ نەداوە و لە ناوچەی کرماشان زۆر ماڵی کورد گەڕاون و زۆر جێگە چوون کە توانیویانە لەو ماوە کورتەدا ڕەنگدانەوەی ئەو ناوچەیەی کوردستان لە ڕوخساری شانۆکەیاندا دیاربێت، هەروەک لە چاوپێکەوتنێکدا ئانێت باس لە جیاوازی لە نێوان شانۆگەریی "ژ کوردستان دوور و سەبری ئەیوب" دەکات و دەڵێت: "ئەو واقیعەی کە ئێمە لە ئەنجامی سەفەرەکان و تێکەڵاوبوون بە خەڵکی بەشە جیاوازەکانی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە لە شانۆگەرییەکاندا، بۆنموونە خەڵکی کوردستانی باکوور خەڵکێکی جدی ترن و کەمتر شاد و بە کەیفن، هەر بۆیە ژ کوردستان دووریش شانۆگەرییەکی جدیترە، لەکاتێکدا خەڵکی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات کراوەترن و گاڵتەو پێکەنین بەشێکی زیاتری ژیانیانی پێکهێناوە بە بەراورد بە باکوور، بۆیە «سەبری ئەیوب»یش گاڵتە و پێکەنینی زۆرتر تێدایە." ڕەنگە خاڵی بەهێزیی ئەم گروپە شانۆییە و دەرهێنەرەکەی لەوەدا بێت کە مامەڵە لەگەڵ دوونیای واقیعدا دەکەن بە ڕاستگۆییەکی زۆرەوە. بۆ نموونە، ئەگەر بە گروپ بچن بۆ نمایشی شانۆیەک لە هەر شارێکی ئەورووپاو بە هەر هۆیەک ئەو بەرنامەیەی کە هەیانە بشێوێت یان یەکێک لە ئەکتەرەکانیان نەتوانێت لەکاتەدا ئامادەبێت ئەوا بە زانایییەکی زۆرەوە واقیعی شێواندنی بەرنامەکەو نەهاتنی ئەکتەرەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەکەنە بەشێک لەو گوزارشە ڕۆژنامەگەرییەی کە شانۆکەی لە پێناودا پێشکەش دەکەن، ئەگەر هۆکارەکان یەکانگیر بێت لەگەڵ ئەو سەرگوزەشتەیەی کە باسی دەکەن.

تیاترۆ دینەسکۆستۆ، لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی کە لەبەردەمیان دابوو، برەویان بە چالاکییەکانی خۆیان دەداو بوێرانە بە فیداکاری بە ژیانی تایبەتیان بەردەوامبوون لەسەر درووشمەکەیان "گەیاندنی دەنگی ئەو کەسانەی کە دەنگیان نییە" وەک دەزانین لە دونیای سیاسیدا زۆر کات ڕێککەوتووە کە گەلانێک دووچاری هێرشی دڕندانە و بێ بەزەییانە بوونەتەوە و وڵاتانی زلهێزی دوونیا گوێی خۆیان لێ خەواندووە، نموونەی لەم بابەتەش وەک «گەلی کورد، گەلی ڕوەندا و گەلی چیانشینی ناوەڕاستی ڤێتنام و چەندین گەل و گروپی تر». گەر وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆربەی کات شەرمەزاری ئەم کارەساتانەیان بەش بێت ئەوا گروپی وەک تیاترۆ دینەسکۆستۆش هەبوون کە تەنانەت



دیمەنێک لە کارەکانی ئانێت هێنەمان

دژی وڵاتانی خۆیان دەنگیان هەڵبڕیووە و بەرگرییان لە مافی ئەو گەل و تاکەکەسانە کردووە کە مافیان لێ زەوت کراوە، بەمەش سەروەریان بۆ خۆیان و گەلەکەیان تۆمارکردووە.

بۆ جاری دووەم ئانێت لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڕیاری چوونە باشووری کوردستانی تازەکردەوە و ئەمجارەیان کارەکانی بۆ ڕێکخراو توانی بچێتە باشووری کوردستان. سەفەرەکانی ئەم دەرهێنەرە چ بۆ کوردستان و چ بۆ وڵاتانی تریش، هەمیشە یەک مەبەستی لە پشتەوەیە کە ئەویش زانینی ئەو ڕاستییانەیە کە شاراونەتەوە. بە چوونەوەی بۆ کوردستانی باشوور، زۆربەی کاتی سەفەرەکەی لەگەڵ بنکەی ڕاگەیاندنی سەنتەری ژناندا بەسەربرد و هاوڕێیەتی ژنانی کارای ئەو ڕێکخراوەی دەکرد لە کاتی چوونیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان لە گەرمیان و چەمچەماڵ و بنەسلاوە و ناوچە دوورەدەستەکانی تری کوردستان. وە هەروەها سەردانی منداڵان و ژنانی جێماوی ئەنفالی دەکرد و لێکۆڵینەوەی سازدەدا بۆ خوێندنەوەی واقیعی تاڵی کوردستان کە زۆربەی کات دەسەڵاتدارانی کورد بە کۆشکی بەرز و ناوی گەورە دەیانەوێ ئەم واقیعانە لە پێش چاوان ون بکەن و بیشارنەوە، لەبری ئەوەی دانیپێدا بنێن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە.

هەر هەمان ساڵ، خاتوو ئانێت هێنەمان پرۆژەیەکی هێنایە بەرهەم، پرۆژەکە بەو ئامانجەی کە گەلانی دوونیا زیاتر بتوانن لە ئازار و وردەکارییەکانی کولتووری یەکتر بگەن و لە نزیکەوە گوێڕایەڵی پەرۆشییەکانی یەکدی بن، بۆ ئەم مەبەستەش گروپێکی لە خەڵکی جۆراوجۆر لە وڵاتانی جیاوازی دوونیاوە بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی ماوەی چەند مانگێک پێکەوە لە خانوویەکدا بژین و هەموان پێکەوە گوێ لە سەرگوزەشتەی یەکتر بگرن و هەریەکیش کولتووری خۆ بۆ ئەوانی دی باس بکات و گوێڕایەڵی کولتووری ئەندامانی تریش بێت. ئەندامەکانی ئەم گروپە لە وڵاتانی جیاوازی جیهانەوە کۆبوونەوە، لەوانە: کوردستان، ئیتالیا، هۆڵەندا، ئەفغانستان، ڕواندا، ئەڵمانیا، تورکیا، عێراق...تاد. لەم گرووپەدا سەرگوزەشتەی ئەندامەکانی خۆی دەکردە دەقی شانۆنامە و ئەندامەکانی گروپەکەش بە تێکڕا شانۆیان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زمانی ئیتالی و زمانی ئینگلیزیان دەخوێند و هەمان ئەندامانی ئەو گروپە بە شێوەیەکی پراکتیکی سەرگوزەشتەکانیان دەکردە شانۆ و لە شارە جیاوازەکانی ئیتالیا و ئەورووپادا پێشکەشیان دەکرد. شایانی باسە کاری ڕێکخستن و لۆجیستیکیی پێشکەشکردنی شانۆکان، هەرسێ ڕێکخراوی «ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ و دکتۆرانی بێ سنوور و ICS) لە ئەستۆیان گرتبوو.

دوابەدوای ئەو پرۆژەیە خاتوو ئانێت دەستی کرد بە کارکردن لەسەر مافی

مرۆڤ لە ئێران و پشتیوانی کردنی خەباتی ژنانی ئێرانی، لەم بوارەشدا شانۆگەرییەکی خستەسەر شانۆ بەناوی «شیرین» کە چیرۆکی ڕاستەقینەی ژنێکی ئێرانییە کە ساڵانیکی دوورودرێژی لە زیندانەکانی ئێران دا بردۆتەسەر، ئەم شانۆگەرییە چیرۆکی پەنابەران لەخۆ دەگرێت، کە گێڕانەوەی یادگارە تاڵەکانی شیرین لە زینداندا بە شێوەیەکی سادە و تێکەڵاو بە دیمەنی جۆراو جۆری ڕێگای شاخاویەکان دەبن کە چۆن پەنابەران بێ ڕاوەستان ڕێگای دوور و درێژی پڕ نشێو و هەوراز دەبڕن، بۆ ئەوەی بگەنە وڵاتێک کە تێیدا خەونی ئازادی بوون و ئازادی بۆچوونی تێدا بێتەدی. هاوکات لەگەڵ چیرۆکی شیرین و ڕێگاڕۆشتنی دوور و درێژی پەنابەران، جانی کالاستری ڕۆڵی سیاسییەکانی وڵاتی ئیتالیا دەبینێت کە چۆن باس لە مەسەلەی پەنابەر دەکەن و تا چ ڕادەیەک شۆڤێنیانە دەربارەی پەنابەر بیر دەکەنەوە.

جگە لەم شانۆیانەی کە لێرەدا باس کراوون، چەندین شانۆی تریش بەرهەمی ئەم گروپە بووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەک "پیاتزا گەلاتسە سەرای" واتە مەیدانی گەلاتسەسەرای کە لەگەڵ زیاتر لەسەد ئەکتەر بەشداربوون تێیدا کە بەشێکی زۆریان کورد بوون تێیدا و لە بری شانۆ لە یەکێک لە مەیدانەکانی شاری ڤۆلتێرا پێشکەشیان کرد کە بە کۆنسێرتێکی زیندووی جوان حاجی کۆتایی هات لە گەڵ هەڵپەڕکێی کوردیدا.


دووایین پرۆژەی تیاترۆ دینەسکۆستۆ، لە هاوینی ئەمساڵدا دەستی پێکرد بۆ بەرگری کردن لە مافی خەڵکانی پەنابەر لە وڵاتەکانی ئەوروپادا و بە تایبەتی ئیتالیا. هەروەک ئاشکرایە بارودۆخی سیاسی ئیتالیا لە چەند ساڵی سەردەمی حکومەتی ڕاستڕەوەکاندا بە زەرەری پەنابەر تەواوبووە و لەسایەی حکومەتی ڕاستڕەوەکاندا چەندین بڕیار دژی پەنابەران دەرکراوە و هەردێت و بەرەو خراپتریش دەچێت. ئەم پرۆژەیەی خاتوو ئانێت و بۆ ئەوەیە فشار بخاتە سەر بڕیاردەرانی سیاسی بۆ ئەوەی پەنابەران وەک بێ گیان و ژمارە مامەڵە نەکرێن بەڵکو وەک مرۆڤی خاوەنی هەست. پرۆژەکە بریتییە لە گیڕانەوەی چیرۆکی ڕاستەقینەی خەڵکانی پەنابەر لە ڕێگەی شانۆوە، بەڵام بەو جیاوازیەی کە ئەمجارە ئەکتەرەکان ئەندامانی پەرلەمانی ئیتالیا و خەڵکانی خاوەن دەنگن وەک «جودت مالینا و هانون ریزینکۆڤ» دوو ئەکتەری بەناوبانگی شانۆ لەسەر ئاستی جیهان و دەرهێنەر (Living Theatre New York) و «مەهدی زانا» سیاسەتمەدار و کەسایەتی کورد و



ئانێت لە کاتی نمایشی یەکێک لە کارەکانیدا

هاوسەری لەیلا زانا، ئەندامانی پەرلەمانی ئیتالیا «فرانچێسکۆ مارتۆنێ، تانا دی زولوێتا، ماریا کیارا ئەچارینی، جوڤانی برونالێ، ڤەلێریۆ کەلتزۆلایۆ، کاتیا زانۆتی و ئەلبا ساسۆ» و ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا «لویزا مۆرگەنتینی و ڤیتۆریۆ ئەنیۆلێتۆ و جوستۆ کەتانیا» و «ئەلیساندرۆ تۆگۆلی» لێپرسراوی بەشی کولتووری شارەوانی ڤۆلتێرا و «مەوریتسیۆ گرێسی» لێپرسراوی دیوانی خانەی سیناتۆرانی ئیتالیا و «ستیفانۆ گالیێنی» ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیتالیایی و ژنە پارێزەری بەناوبانگ خاتوو «ئەلیساندرا بالێرینی» بەشدارییان کرد وەک ئەکتەری سەر شانۆ. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو کە ئەم ئەندامانەی پەرلەمان و سیاستەمەدار و ڕۆژنامەنووس و پارێزەرانە بە جۆرێک دەوریان دەبینی کە بە تەواوەتی ئاوێتەی کارێکتەرە شانۆییەکەیان بوبوون و ئاستەم بوو هەستیان پێبکرێت کە ئەمانە شانۆگەر نین. دەرهێنەر لەکاتی پرۆڤەکردنیاندا داوای لێ دەکردن کە هەریەکەیان لەگەڵ پەنابەرێکدا دابنیشن و هەوڵ بدەن کە لەو هۆکارانە بکۆڵنەوە و تێبگەن لە چیرۆکی ژیانی پەنابەرەکە بۆ ئەوەی کە هەست بە ئازارەکانیان بکەن و بتوانن ئەو ئازار و ترسەی ئەوانی ڕاوناوەتە هەندەران تێبگەن تاکو بتوانن بیانگەیەننە بینەر.

ئەم بیرۆکەیە شتێکی نوێ بوو لە هونەری




هەڵەبجە و ئەنفال لە یەکێک لە کارەکانی ئانێت هێنەماندا

شانۆدا، ئەوەی باو بووە هەمیشە ئەکتەرانی شانۆ دەوری خەڵکانی سیاسی و دەسترۆشتوویان بینیوە، بەڵام ئەمجارە خاتوو ئانێت توانی هاوکێشەکە پێچەوانە بکاتەوە، ئەندامانی پەرلەمان بهێنێتە سەرشانۆ بۆ گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی خەڵکانی پەنابەر و بێ دەسەڵات. لەم هەنگاوەشدا زۆر سەرکەوتوو بوون بەجۆرێک سەرنجی زۆری بۆ لای پرۆژەکە ڕاکێشا و ئەو ئەندام پەرلەمانانەش ئامادەییان دەربڕی کە هەمان شانۆگەری بە زیندوویی لە شارەکانی تری ئیتالیادا دووبارە بکەنەوە.

گەورەترین کێشەی ئەم پرۆژەیە ڕەنگە لەوەدابێت کە چۆن خەڵکانێک کە شانۆیان نەکردووە بتوان ن ببنە ئەکتەر و ڕۆڵێکی زۆر جیاوازیان لە شێوە ژیانی خۆیان بدەیتێ، بەڵام دیارە بوونی ئەزموونێکی زۆری دەرهێنەر لەو بوارەدا کارەکەی ئاسان کردبوو. هەروەک نزیکەی حەوت ساڵ لە پرۆژیەکدا بە بەردەوامی زیندانیان بەکارهێناوە وەک ئەکتەر، ئەو زیندانیانەش ئەوانە بوون کە حوکمی سەخت دراون کە بەشێوەیەکی گشتی «پیاوکوژ و قاچاخچی و تاوانبارانی هاوشێوەیان بوون»، ئەم ئەزموونەی لە کاری لەگەڵ پەنابەران و سیاسەتمەدارانیش دا ڕەنگی دابۆوە. یەکێک لە خاڵە سەرنج ڕاکێشەرەکان ئەوەبوو کە شانۆکە لەسەر شانۆ پێشکەش نەکرا بەڵکو لە گەڕاجی سەیارەدا کە دیمەن و شێوەی هاتنەژوورەوەکە بەشێوەیەک ڕێکخرابوو کە تەواو لە دەرگاو چوونە ژوورەوەی کەمپە تازەکانی هێشتنەوەی پەنابەران دەچوو، بەتایبەت واڕێکخرابوو کە هەموو بینەران لە بەردەرکی گەورەی چوونە ژوورەوەدا وەستابوون، بە کردنەوەی دەرگاکە چەند پۆلیسێک هاواریان لە بینەران دەکرد کە بچنە ئەوبەری تەلبەندەکەوە لە هۆڵێکی داخراوی تاریکدا، ئەمە بینەرانی بە تەواوەتی خستبووە کەشێکەوە کە بتوانن هەست بە مانای کەمپەکانی هێشتنەوەی پەنابەران بکەن.

ئەم شانۆیە زۆر سەرکەوتوانە نمایشکراو بەجۆرێک ڕووبەرێکی گەورەی لە زیهنی بینەراندا داگیرکردبوو کە زۆربەی بینەران زیاتر لە سەعاتیک لە چواردەوری شانۆکارەکان مانەوە. ئیستاش ئانێت هێنەمان سەرگەرمی گفتوگۆیە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی بریتانیادا بۆ قەناعەت پێهێنانیان بە بەشداریکردن لە هەمان شانۆگەریدا لە بریتانیا، بەوهیوایەی بەزوویی لە لەندەن نمایش بکرێت.

١٩-١١-٢٠٠٥



مەهدی زانا و ئانێت هێنەمان لە یەکێک لە شانۆگەرییەکانی ئانێتدا

**کورتەیەک لە ژیانی ئانێت هێنەمان**

*- ئانێت هێنەمان لە هۆڵەندا هاتۆتە دنیاوە و هەر لەوێش خوێندنی تەواوکردووە. پاش تەواوکردنی کۆلیجی مامۆستایی دراما، وەک «پلەی تیرۆپی» واتە چارەسەری کێشەی دەروونی بە شانۆگەری، کاری کردووە لە ئەمستردام لەسەر ئەو مندالانەی کە هەلسوکەوتیان ئاسایی نییە و هەروەها لە ئەنیسیتۆی چارەسەری تاوانبارانی گەنج.*

*- بەشداریی چەندین سیمیناری شانۆیی (گرۆتۆوسکی) کردووە، سەرەتا لە میانەی خوێندنەوە لەگەڵ «ڕیچارد چیسلاک» و پاشان لە بەرلین لەگەڵ «زبیژیەک سینکوتیس» و پاشان لە شانۆی (سۆرسیس) ڕاستەوخۆ لەگەڵ مامۆستا گرۆتۆوسکی خۆیدا (ناوبانگی جیهانی هەیە بۆ شێواز و قوتابخانەی شانۆگەریی هەژاری و هەروەها بۆ شێوازی تایبەتی کارکردنی سەخت و قوڵی لەسەر بەکارهێنانی لەش لە شانۆدا)، ئەم شارەی (ئیترۆسکان) بوو بە بنکەی کارکردنی. پاشان بۆ کارکردن کۆچی کرد بۆ ئیتالیا تاکو ببێتە بەشێک لە گروپی نێودەوڵەتی «لاڤێنتورا» و پاشانیش ماوەی حەوت ساڵ شانبەشانی (ئەرماندۆ پونسۆ) کاری کردووە لە زیندانی سەختی چۆڵتێرادا دەقی «مارا ساد»یان کرد بە شانۆگەری بە بەکارهێنانی زیندانیەکان. بۆ ئەم کارە خەڵاتی باشترین شانۆی ئیتالیایان پێ بەخشرا لەو ساڵەدا.*

*- ئانێت هێنەمان کۆمپانیای شانۆی خۆی بەناوی «تیاترۆ دینەسکۆستۆ» دامەزراند و چەند ساڵێک دوای دامەزراندن دەستی کرد بە کاری شانۆی ڕۆژنامەگەریی.*




دوو ئەکتەر لە یەکێک لە شانۆگەرییەکانی ئانێتدا

# هونەرمەندی شێوەکار سزا زانستی: "باوەڕ ناکەم دایکی هونەر وەڕس بێت لە کۆرپەی خۆی و بە چاو و دڵی خۆشەویستییەوە سەیری نەکات!"

## ئا: بەختیار ڕەووف ـ سلێمانی

هونەرمەندی شێوەکار خاتوو سزا یەکێکە لە بەشداربووانی قۆناغی پاش جواد سلیم، فائق حسن، فرج عبو، جمیل حمودی، حافظ دروبی و... ـ ئەم پۆلە هونەرمەندە شێوەکارە عیراقییە لە سەرەتای سییەکاندا سەردانی ئەوروپایان کردووە بۆ خوێندنی هونەر و لەنزیکەوە ئامادە بوون لە جموجووڵی هونەری ڕۆژئاوا، بەتایبەت لە ئینگلستان، ئیتالیا و فرەنسا. خاتوو سزا بەماڵەوە لە بەغداد ژیاوە و خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی هەر لە بەغدا تەواو کردووە و بەو پێیەی هەر لەوێ بۆتەوە بە مامۆستای هونەر و ئیشی دەست، ئەوە دەگەیەنێت کە گەڕانەوەکانیدا بۆ کوردستان لە بۆنە جیاجیاکاندا ڕۆژبەڕۆژ عیشقی بۆ دیمەنە دڵفرێنەکانی کوردستان گەورەتر دەبوو، هەر ئەمەش بوو بە مایەی فێربوونێکی خۆڕسکانەی هونەرمەند بە دووبارەکردنەوەی لاسایی و گواستنەوەی دیمەنەکان. لەو ئیشانەی کە کردوونی تابلۆی (دیمەنێک لە کوردستان)، تابلۆی (شوان) و چەندین دیمەنی بەهار و وەرزەکانی بەفربارین و گەڵاڕێزانی پاییزی کێشاوە، هەروەها لە بواری گواستنەوەی ڕاستەوخۆ (پۆرترێت) تابلۆی قەشەنگی هەیە. خاتوو سزا هەروەک هونەرمەندەکانی خۆشەویستییەوە سەیری نەکات! کارنامەی ئەم نەرمە هەواڵەشم وا بەڕێوە بەرەو ئاسۆ و پانتاییە مەزنەکەی کاروانی هونەری شێوەکاری دەڕوات. با ساتێ دڵخۆشتان بکەم بازی بەرزەفڕم خەریکە دەدات لە شەقەی باڵ و لە ئاسمانی پان و بەرینی هونەردا دەفڕێت، بۆیە تاکە تاکە تابلۆکانم سیمای ئەم دەڤەرە وەردەگرن و بەرامەی ڕەنگی گەرمی ئەم خۆرەتاوە دەدەن لە خۆیان و بە سورمەی ڕەنگاوڕەنگی گژوگیا و گوڵاڵەسوورەی بەهاری کوردستان، وەکو کەوی قاسپەبەرز و گەردن پڕ لە خاڵ ،خۆ دەنوێنن.



یەکێک لە کارە هونەرییەکانی سزا



هونەرمەندی شێوەکار سزا

کەسایەتییەکی بەتوانا و لێهاتوو و بەسەلیقە بووە لە بوارەکەی خۆیدا. ئەمە و ئەو بەشدارییانەی لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەدا، کە بەشی زۆریان بڕوانامەی هونەرییان لە ئەوروپا هێنابووەوە، بە هێنانەوەی شێوازی هونەریی جۆراوجۆرەوە هاتنەوە بۆ عیراق و بەشی هونەرەجوانەکانی بەغدایان دامەزراند و دواتر فێری دامەزراندنی ستۆدیۆی هونەری وەک (مشغل فنی) و (منحت فنی) ستۆدیۆی تایبەت بە وێنەکێشان، دواتر ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدایان دامەزراند، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی هونەرمەند لەگەڵ ئەم هونەرمەندە گەورانەی بەغدا لە پێشانگا گشتییەکاندا بەڵگەی سەرکەوتوویی خاتوو (سزا) پێشان دەدات، بەڵام بواری ئیشکردنی خاتوو سزا جیاواز بوو لە برا هونەرمەندە عەرەبەکان، بەو پێیەی کە باوکی خاتوو سزا کورد بووە و لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بووە، لە سەردان و پێش خۆی لە بواری لاسایی و گواستنەوەدا کاری کردووە و ستایلێکی تایبەت بە خۆی نییە!

مەڵبەند لە ڕێگەی خوشکی دڵسۆزمان خاتوو شوعلە کە هاوڕێ و دراوسێی هونەرمەند خاتوو (سزا)یە، بەم هونەرمەندە دەستوپەنجە ڕەنگینە ئاشنا بوو و گەلێک خۆشحاڵ بوو کە ژنە هونەرمەندی شێوەکار خاتوو سزا، لەگەڵ ئەوەی چەند مانگێک لەمەوبەر هاوسەری چەندین ساڵەی پێکەوەژیانی هونەرمەند، بۆ یەکجاریی ماڵئاوایی کرد، پەیمانی داوە دووبارە بێتەوە ناو کۆڕی کارکردنی هونەری و لەم بوارەدا کەمتەرخەم نەبێت، بۆ سازدانی ئەم دیمانەیە هونەرمەند هاتە ئاخاوتن و وتی:

"دەمێکە دەمەوێت وەرزێکی تر خۆم بخەمەوە ناو باوەشی هونەری شێوەکاری مەزنەوە. باوەڕ ناکەم دایکی هونەر وەڕس بێت لە کۆرپەی خۆی و بە چاو و دڵی

*پ. سزا خان کێیە؟*

و. من ناوم سزا عەبدولکەریم بەگ زانستییە، لە ساڵی ١٩٥٧ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی بەغدام تەواو کردووە. هەر لەو ساڵەدا بە (معیدە) گەڕامەوە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی بەغدا بۆ وتنەوەی وانەی هونەر و ئیشی دەست. دوای دوو ساڵ شووم کرد و گەڕامەوە سلێمانی، لە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی بە مامۆستای هونەر دامەزرام ئیتر هەر لەوێوە بەشداریی هەموو پێشانگە هاوبەشەکانی هونەرمەندانی سلێمانیم دەکرد، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی پێشوو، بەڵگە و دەلیلی بەشداریکردنەکەشم هەر ماون، هەروەها لە لیژنەی هەڵسەنگاندنە هونەرییەکاندا ئامادەییم هەبوو."

*پ. بەخێرهاتنت دەکەین بۆ گەڕانەوەت بۆ*



نموونە لە کارەکانی هونەرمەندی شێوەکار سزا


*ناو دەستەجەمعی شێوەکارانی کورد. دەستپێکی بەرنامەی داهاتووت چییە؟*
و. من سوپاسی هەستی ئێوە دەکەم کە بەو شێوە گەرموگوڕەوە پێشوازیم لێدەکەن، زۆر ڕاستە من ماوەیەکی زۆرە دابڕاوم لە بەشدارییە هاوبەشەکان بەگشتی و کردنەوەی پێشانگەی خۆم، کە ئیشێکی زۆرم کردووە تاکو ئێستا زۆربەی بە دیاری براون و کۆیەکیشی لەلای خۆمن پاراستومن.

بە هیوای گەڕانەوەشم بۆ ئەم کەشوهەوا هونەرییە شیرینە، بە زووترین کات. ئومێدەوارم لەم ماوەیەدا بتوانم چەند تابلۆیەکی قەشەنگی دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستانەکەم بکێشم."

*پ. هونەر لای تۆ چۆن هەڵدەسەنگێنرێت؟*
و. هونەر جوانییە، پاکیی گیان و هەستە، هەرچی شتێکی جوان هەیە لە دەوروبەرماندا هونەرە. کێ هەیە ئەو جوانییانەی خۆش نەوێت و تامەزرۆیان نەبێت، چجای ئەوەی ئێمە دەورە گیراوین بەو هەموو جوانییە سروشتی و ئەبستراکتانەی کە هێشتا ماویانە گوزارشتیان لەگەڵدا بکرێت."
*پ. پێش ئەوەی بچیتە ماڵی خۆت، کاتێ لە ماڵی باوکت بووی، کێ یارمەتی دەدایت نزیک بیتەوە لە نیگارکردن؟*
و. هەر لە سەرەتاییدا بووم ئەو بەهرە و جووڵەیەم هەبوو، باوکیشم یەکەم مامۆستام



یەکێک لە کارەکانی سزا



بەختیار ڕەووف و هونەرمەندی شێوەکار سزا



مەلیک فەیسەڵی دووەم و هونەرمەندی شێوەکاری سزا لە دەستی ڕاستی مەلیکەوە ساڵی ١٩٥٧



لە ڕاستەوە: سزا و زانستی (باوکی سزا) و....




بوو، چونکە بۆ خۆی شاعیرێکی هەستناسکی ڕۆمانسیی سەردەمی خۆی بوو، هەربۆیە سوودمان لە یەکتری دەبینی، بۆ خۆشی زۆر لە تابلۆکانم ڕازی بوو وایدەزانی شیعرەکانی خۆیەتی.

*پ. لە ساڵی ١٩٥٧ پێشانگەی هاوبەشتان لەگەڵ هونەرمەندە عیراقییەکاندا لە بەغدا کردەوە، مەلیکی عیراقیش ئامادە بوو!*

و. بەڵێ ئەوە مەلیک فەیسەڵی دووەم بوو کە ئامادەی ئەو پێشانگە هاوبەشەمان بوو، منیش تابلۆیەکم  بە دیاری پێشکەش کرد.

*پ. کاتی خۆی کاریگەریی کام لە قوتابخانە هونەرییە ئەوروپاییەکانت لەسەر بووە، یان بە چ ئاڕاستەیەک کارەکانت ئەنجام داوە!*

و. من هەمیشە خەیاڵم لەسەر قوتابخانەی ئینتباعی بوو، حەزم دەکرد سکێچی پۆرترێت بکەم و کارەکانیشم بەشێکیان دیمەنە سروشتییەکان بوو، زۆربەی هونەرمەندە ئەوروپاییەکانم خۆش دەویست و ئیشەکانیشیانم بینیوە.

*پ. بە چ مادەیەک ئیشەکانت دەکرد؟*

و. بە زەیتی و ئاوی و ئەکرلیک کارەکانم ئەنجام داون و ئیشم کردووە، بەڵام زۆرتر حەزم دەکرد بە ئاوی کار بکەم.

*پ. سزا خان زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونت، هیلاکمان کردی!*

و. بەپێچەوانەوە من زۆر زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەم چاوپێکەوتنەمان ئەنجام دا، سوپاس بۆ خوشکە شوعلە خانیش کە بوو بە مایەی یەکترناسین و چاوپێکەوتنەکە، چونکە جموجووڵی لەم بابەتە، بەتایبەت بۆ من، کە ماوەیەکی زۆرە کار ناکەم وەکو ئەوە وایە کە تۆز لەسەر شتە بەنرخەکان لا بدەیت و دیسانەوە ڕۆڵیان پێ ببینرێت.

سوپاس بۆ تۆش، بۆ کاکە بەمۆ گیانیش کە ئەرکی وێنەگرتنی تابلۆکانی بە جوانی ڕاپەڕاند.

تێبینی: *لەبەرئەوەی هونەرمەندی شێوەکار خاتوو سزا، ماوەی چەند مانگێک لەمەوبەر، هاوسەری ژیانی ماڵئاوایی لێ کرد، نەمانتوانی بەپێی پێویست لەم دیمانەیەدا بچینە نێو قووڵایی ژیانی ئەو هونەرمەندە دەستڕەنگینەوە. بە هیوای ئەوەی "مەڵبەند" بتوانێت لە دەرفەتێکی تری نزیکدا، لەگەڵ گەڕانەوەی هونەرمەند بۆ نێو دنیای هونەری شێوەکاری و دەستپێکی کاری هونەری، دیمانەیەکی تری لەگەڵ ساز بدات و زیاتر ئەو هونەرمەندە بەتوانایەی کورد بە خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری "مەڵبەند" بناسێنین.*

# ماڵی تەموور
# دەستپێشخەرییەکی سەرنجڕاکێش



شوێنی بیناسازیی ماڵی تەموور



شوێن و کرێکارانی بیناسازیی ماڵی تەموور

لە وتووێژی مەڵبەند لەگەڵ هونەرمەند «عەلی ئەکبەری مورادی»دا (ژمارە ٩٥) کاک عەلی ئەکبەر ڕایگەیاندبوو کە: "... وا من خەریکی ئەوەم... لە گوندی «بانزلان» کە بە ٧٠ کیلۆمەتەر کەوتۆتە ڕۆژئاوای کرماشان بەشی گۆران و شوێنی لەدایکبوونمە، جێیەک بە ناوی «ماڵی تەموور» دروست بکەم... من دەمەوێ لەو شوێنە تەموور بە دەرس بگوترێتەوە بە شێوەی ئەمڕۆیی، هەروەها فێستیڤاڵ بەڕێوە ببرێت، مۆسیقای کوردی لێ بدرێت و شوێنێک بێت بۆ توێژینەوە لە مۆسیقای کوردی..."(ل٥٤)
بەگوێرەی زانیاریی تازەمان، کاک عەلی ئەکبەر، دوای گەڕانەوە بۆ وڵات، شوێنی کارەکەی گرتوە، کاری بیناسازی ماڵی تەمووری دەست پێکردووە و تەنانەت بەشێک لە جادەی گوندەکەی خۆش کردووە، بەڵام بە هۆی داهاتنی سەرماسۆڵی زستانەوە کارەکەی ڕاگرتووە و بەتەمایە لە بەهاری ئەمساڵدا دەست بە کاری بیناسازی بکاتەوە.
کاری جەسوورانەی مامۆستا عەلی ئەکبەر گرنگایەتی زیاتر پەیدا دەکات، ئەگەر بزانین گوندەکە لە ناوجەگەری خاکی گۆرانەکان، واتە ناوچەی ژیانی خوشک و برایانی یارسان هەڵکەوتووە و ئامێری تەموور بۆ ئیماندارانی ئەو ئایینە پیرۆزەی گەلی کورد خاوەنی پیرۆزایەتییە و تەموور لەڕاستیدا سروودی ئایینیی کاکەیی (ئەهلی حەق)ی پێ لێ دەدرێت.
ئەم کارە گەورەیە ئەرکی تاکەکەس نییە و زۆر وا هەیە مامۆستا مورادی بە تەنیایی لە ڕۆستی نەیەت. «مەڵبەند» لەلایەن مامۆستاوە تکا لە هەموو خوشک و برایانی کورد، بەتایبەت هونەرمەندان، دەکات بە هەر شێوەیەک دەتوانن یارمەتیی دروستکردنی ماڵی تەموور بدەن. باشترین و گونجاوترین یارمەتی بریتی دەبێت لە یارمەتیی دارایی. تکایە بۆ زانیاریی زیاتر ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کاک عەلی ئەکبەری مورادی بناغەدانەر و بەڕێوەبەری ماڵی تەموورەوە بکەن، ئەوەش ناونیشانی ئی- مەیلی مامۆستایە:

taamoradi@yahoo.com

وێنەکان دەسپێکی کاری بینایەدانانی ماڵی تەموور نیشان دەدەن.

# عەبدوڵڵا پەشێو و بەرەو زەردەپەڕ

عەبدوڵلا پەشێو سالانێکی زۆرە لەسەر دووڕێیانی ژیان وەستاوە. بیری لای نیشتمانی یەخسیر و دڵی لای ئەوینێکی کۆنی لەمێژینەیە کە لە سەردەمی منداڵی سەری هەڵداوە، «سەرتاسەری دنیا»ی لەگەڵ گەڕاوە و ئێستاش لە قوژبنێکی تەریکی ئەم جیهانەدا چۆتە ناو مووی سپی و لۆچی ناوچاوانیەوە.

لە مێژووی هاوچەرخ و لە سەدەی بەرپرسایەتیی هونەرمەندا، کەم نین ئەو هەستیارانەی وا لەسەر ناوڕێیانی هەڵبژاردن کوڕ کەوتوون و کێشەی بۆخۆبوون و بۆخەڵکبوونیان پێ یەکالا نەکراوەتەوە.

نالی ئەو ئازایەتییەی هەبوو، کە سەرەڕای دڵی سووتاو و نیشتمانی بەجێماو، تەنیا جارێک نەبێت یادی دەشتی شارەزوور و «خاک و خۆڵ»ی دایکی نەکردەوە و لە کاری ئەفراندنی هونەرییدا بە حەبیبەی چاوخێلەوە سەرقاڵ مایەوە، بێ ئەوەی خۆی لە کەس بگۆڕێت و بە کەس درۆ بڵێت. ئەو، «ئادەم»ئاسا، باری بەرپرسایەتی هەڵنەگرت و هەر «خۆ»ی مایەوە.

هەژار، گۆران، لاهووتی، نازم حیکمەت، لۆرکا و پابلۆ نیرۆدا، بە لای ئەولایاندا شکاندەوە و «خۆ»یان بۆ «غەیری خۆ» لە بیر بردەوە. بۆ؟ نازانم. بارودۆخ وای لێکردن؟ نازانم. چەپڵەی ئاپۆرەیان دەویست؟ نازانم. «جین»ی ئەو لەخۆبووردووییە لە گەوهەریاندا بوو؟ نازانم. نەیاندەتوانی هاوکات و هاوتەریب دوو بەرپرسیایەتیی مەزن لەسەر شان هەڵبگرن و هەم بۆ خۆیان بن و هەم بۆ خەڵک؟ ئەوەش نازانم، بەڵام دەزانم کە ئەوینە شەخسییە مرۆڤانەکەیان بووە قوربانی بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی و فەوتا، ئەلفاتیحە!

وا هەیە لەم زاویە تایبەتەوە عەبدوڵلا پەشێو لە هێمن بچێت کە شەلەشەل و لەنگەلەنگیش بێت هەردوو ئەرکەکەی پێکەوە دەبردە پێشەوە و لە ناڵ و لە بزماریشی دەدا.

پەشێو، هەگبەی ئەوینێکی لەمێژین بەکۆڵەوە پانتایی ئەم جیهانە دەگەڕێت، بێ ئەوەی لە هیچ وێستگە و فڕگە و بەندەرێک کۆڵ لە کۆڵ خۆی بکاتەوە:



عەبدوڵلا پەشێو

**شێتی کچەهاوسێیەک بووم...**
**بۆ ئەو کچە دراوسێیە**
**سەرتاسەری دنیا گەڕام...**
**لە هەموو دەریا و بەندەران**
**چاوم گێڕا**
*(شیعری «شەفەق لە زەردەپەڕدا»)*

**فەرهەنگەکان**
**با بە خۆیان هەر بنازن،...**
**بە چی دەچن**
**کە پەیڤێکیان تێدا نەبێ**
**بشێ ببێ بە گوارەی ئەو!**
**من ئەیووبم**
**بەئاسانی پشتی ئومێدم ناچەمێ**
**وشەیەکە و عەودالیمە...**
**وشەیەکە و دەیدۆزمەوە...**
**گەر هەر نەبوو**
**دایدەتاشم**
**ناهێڵم گوێی ئازیزەکەم بێ گوارە بێ!**
*(هۆنراوەیەکی ناتەواو)*

بەڵام زۆری پێ ناچێت هەگبەی ئەوین دوانەیەکی لە خۆی بارگرانتری بۆ دەخوڵقێت: بەرپرسایەتی بەرانبەر بە نیشتمانی داگیرکراو و خەڵکی مافخوراو، خەمی نەبوونی ناسنامە و ئالا و پاسپۆرت:

**لەم ژینەدا بە حەسرەت بووم**
**تەنیا ڕۆژێک**
**پێناسێکی زێدی خۆمم لە گیرفان بێ!**
*(ڕۆژباش کچانی...)*

**قەڵەمەکەم چەکوچە و**
**هەر پەیڤێکم ــــ بزمار.**
**ستەم لە هەر جێیەک بێ**
**دەیسمم وەک تەختەدار**
(دەسەڵات)

ئەو باوەڕە، ئەو هەستە، ئەو میوانە نوێیەی ماڵی شاعیر، خەڵکی کوێیە و لەکوێوە هاتووە، نازانم. بەڵام ئەوەی ڕوونە، میوانەکە دەبێتە چقڵی مەم و زین و لەنێوان ئەو و ئەوینە شیرینەکەیدا شین دەبێت. سەرەتا شتێکی لەبەردڵان نییە، توندوتیژە، مڕچ و مۆنە، بە داد و هاوارە، بەڵام شاعیر لەگەڵیدا دەسازێت و هێدی هێدی پێی ڕادێت:

**کەس نەڵێ بە خوێن تینووم**
**یەخەی کالاندز بگرن ــ**
**ئەو منی هەڵکێشاوە!**
*(خەنجەر)*

تراژیدیای ژیانی عەبدوڵلا پەشێویش لێرەوە سەر هەڵدەدات. ئەو دەیەوێت گوڵ و چقڵەکەی وەک یەک خۆش بووێت و هاوکات گوڵ لە دڵدا ڕابگرێت و چقڵ وەک گوڵەشلێرە لەسەر سینگی بدات:

**خوایە چبکەم؟**
**نازانم چۆن**
**دەستەملانی دوو ئازیز بم**
**لە یەک کاتا؟**
*(دوو مێوان)*

ئەوە دیالەکتیکی ژیانی پڕ لە ناتەبایی پەشێوە. ئەو دەیەوێت دوو دیاردە، کە کۆمەڵگای چینایەتیی ئیجازەی پێکەوەحاوانیان پێ نادات لە بارودۆخێکی نەگونجاودا بکاتە یەک و نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە گەوهەری خودی خۆشیدا بیانتوێنێتەوە و مەعجوونێک لە مرۆڤ و ئەوینی ئینسانی و بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتیی بخوڵقێنێت، کە هەر سێکیان خۆیان بن و ئەوی تریش! ئەو «تثلیث»ە

دەبێت ئاسمانی نەبێت و لاقی لەسەر زەوی بوەستێت ــ ئەویش زەوییەکی بە تۆڕی داگیرکەر چنراو و بە مینی دەسنێژی دووبەرەکی چەنراو! ئیتر شیعر و شاعیر، شاعیر و ئەوین، ئەوین و نیشتمان لێک دەئاڵێن و تێک دەچڕژێن بە شێوەیەک کە ناسینەوەیان لە یەکتر نەگونجاو دەبێت و نازانرێت ئایا «تۆ»ی شاعیر کێیە؟ گراوی یا نیشتمان:

نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم
چرکەیەک بێ تۆ ژیابم
ڕێی تێ ناچێ
بێ کووژەکەی دڵۆڤانیت
بە دۆزەخی ئەم عومرەدا
ڕەت بووبم و هێشتا مابم
*(نەخێر هەرگیز باوەڕ ناکەم)*

ئیتر نەبزی شاعیر لەگەڵ نەبزی نیشتمان و ئەوینە لەمێژینەکەیدا لێ دەدات. دووریی ئەم، هەڵەبجەی ئەو، تۆرانی ئەم، ئەنفالی ئەو، دڵگرانیی ئەم، شەڕی ناوخۆی ئەو، هەموو پێکەوە لێک دەدرێن و مێشکی شاعیر دەسمن.

دواتر، دوورکەوتنەوە لە نیشتمانیش بوعدێکی نوێ دەداتە شیعری عەبدوڵڵا پەشێو و ڕازاوەتر و دەوڵەمەندتری دەکات، ڕاست وەک بوعدی زەمەن لە کۆبیسمی پیکاسۆدا ــ سەرەکیترین بوعد!

پەلەقاژەمە
بەڵکوو تا زووە
هەندێ گەڵای دار،
هەندێ پنجەگیا و گوڵەکێویلەی
ئەوێ دەستگیرکەم.
ناترسم ناویان لە یادم بچێ،
بەڵام دەترسم... بۆنیان لە بیرکەم!
*(تاسە)*

ئەستێرەناسی هەموو جیهانیش بەگژمداچن
ئەستێرەکانی دنیای هەندەران
قەت لە ئەستێرەی کوردستان ناچن!
*(گرەو)*

هەژدە ساڵە
(هەژدە بەهار،
هەژدە هاوین،
هەژدە پاییز،
هەژدە زستان
هەژدە عومری بێ کوردستان)،...
هەژدە ساڵە
خۆشم سەرم لێ شێواوە ــ
نازانم... لێرەم... یا لەوێ!
*(ئێرە و ئەوێ)*

ئەوین، کوردستان و نۆستالژیی دوورەوڵاتی سێ گەوهەری سەرەکیی شیعری عەبدوڵڵا پەشێون، کە هاوڕێ لەگەڵ نەترسی و ڕاشکاوی دەبنە ئەستوندەکی خانووچکەی شیعرەکانی و ناسنامە بۆ دیاردەیەک پێک دەهێنن کە شیعری عەبدوڵڵا پەشێو بێت. بەڵام لە «بەرەو زەردەپەڕ»دا هەست بە دڵەخورپێیەکی نوێی شاعیر دەکرێت کە پێشتر یا نەبووە یا ئەوەندە کەمڕەنگ بووە کە بە هەند وەرنەگیراوە. ئەو خەمە، ئەو تەمە، ئەو دڵنیگەرانییە بە خواستی شاعیر هاتبێتە ناو شیعرەکانیەوە یا بە بێئاگایی ئەو خۆی تێ خزاندبێت، لە تانوپۆی شیعرەکان ئاڵاوە و تەنانەت گەیشتۆتە جوڕڕە پۆپە و لەناوی کتێبەکەشدا خۆی نیشانداوە: بەرەو زەردەپەڕ!

لەم عومرە کورتەی کە ماوە...
*(دوودڵی)*

دوگمەی دەنگم هەر لای مەرگە...
*(ئەلارم)*

دەزانم منیش، زوو بێ یا درەنگ،
دەبێ ئاوابم...
*(دوو ئاوابوون)*

دوای کشانی ئەستێرەشم
ملیۆنەها نازداری تر دێنە دنیا...
*(بەرجەستەکردن)*

ئەی کێ دەڵێ هەروەک ئەویش
*[وەک ئەو گوڵە]*

دەستی مردن نیزیک نییە لە گەردنم...
*(گوڵەمێخەک)*

بەشێک لەو دڵەخورپێیە، سروشتییە و ئەنجامی هەڵچوونی داری تەمەنە، بەڵام ئایا بەشێکی دیکەی لە بێهیوایی ژیانی ڕۆژانە و سیاسەت و دۆخی کۆمەڵگاوە سەری هەڵنەداوە، کە تێیدا ئاوات و ئارەزووی لەمێژینی شاعیر بۆ نیشتمانێکی سەربەخۆی دوورەستەم، بە «ماچ» و شەڕی ناوخۆ و گەورەبوونەوەی کەلەبەری نێوان هەژار و دەسەڵاتدار و گەندەڵیی ئیداری ناو دەسەڵاتی نیمچەسەربەخۆی کورد لە باشووری کوردستان تەفروتوونا دەبێت و لە ناو دەچێت و لەئەنجامدا شاعیر هەست دەکات بەراوەژووبوونەوەی تاشەبەردی دەسەڵات گۆڕانی ئەوتۆی بەسەر ژیانی ئابووری ــ سیاسیی گەلەکەیدا نەهێناوە و نە پاسپۆرت و عەلەمێکی جیهانی بۆ کورد خوڵقاندووە و نە بزگورێکی لە بێعەدالەتی و نابەرابەریی کۆمەڵایەتی کەم کردۆتەوە. لەڕاستیدا ئەم شیعرە:

ڕۆژێک دادێ
تاتەشۆر ــ چاپ،
گۆڕ ــ جزووبەند،
کۆڕی پرسەش ــ پەخشم دەکا!
*(ڕەشنووس)*

ڕەنگدەرەوەی ماندوویی و بێهیوایی شاعیرە دوای ڕووخانی کاخی دیکتاتۆریەتی بەعس و وەدینەهاتنی ئاواتەکان دوای ئەو وەرچەرخانە بەتایبەت دوای شەڕی ناخۆیی و لە ئەنجامی هەر ئەو بێهیواییەشدایە کە پەنا دەباتە بەر ئاسمان، بەڵکو لەوێ گوێیەکی بیسەر، هاواری بژنەوێت و تیتۆڵێکی لێ دابڕێت:

خوایە، بارم سووکترکە!
پشتم شکا، دەرنابەم...
*(خەڵوەت)*

بەڵام دوای وەرگەڕانی تەختوبەختی دەسەڵاتی بەغدا و دامەزرانی حوکمی کوردیش تەمی ئەو خەمە نارەوێت و بارێک لەسەر شانی شاعیر لا ناچێت و لێرەدایە کە تراژیدیا دەخوڵقێت، شاعیر لەگەڵ خۆی نامۆ دەبێت و هیوا دەدۆڕێنێت:

فەرقی چییە، دەرد هەر دەردە
کەری تۆ بم یا هی جەردە؟!
*(دێوەرە و کەر)*

ئەوەش لووتکەی کارەساتە!

ناوەڕۆکی شیعرەکانی «بەرەو زەردەپەڕ» جیا لەو چەند بابەتە سەرەکییانە گەلێ بابەتی دیکەشی گرتۆتە بەر.لەوانە کێشەی ژنە.

تۆ نەک نیوە، هەموو دنیای!
*(ژن)*

لە خوێندنەوەی شیعرەکاندا خوێنەر هەست بە تەئسیری دیار و نادیاری هەندێ شاعیری خۆیی و بێگانە لەسەر عەبدوڵڵا پەشێو دەکات. جیا لە هەشتخشتەکییەکانی کۆتایی کتێبەکە، وا هەوێنیان ــ بەگوێرەی شاعیر، لە ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ وەرگیراوە، سەرەتاکانی شیعری زیندان:

هەردوو دەستی
وەک پەلی شێر بەند کرابوون
گورگی کەڵبە و چنگ خوێناوی
لە چوار لاوە تێی ئاڵا بوون...

بۆنی شیعری «وحدت وتشكيلات»ی لاهووتی کرماشانی لێ دێت، بەشێک لە شیعری «ڕامان»:

لێ چۆن بڕۆم؟
نە تۆشەکەی شەبەق ماوە
نە هاڵاو و نێڵەنێڵم...

هاوواتای شیعری «وڵاتەکەم»ی نازم حیکمەتە.
شوێنێک لە شیعری «ڕۆژباش کچانی...»:

لەسەر گردی مەلامەروان بژێمەوە...
لەگەڵ تیشکی برووسکەدا
داپەڕمە خوار و بێمەوە،

بەینێک وەکوو تاپۆی ئاڵا
لە بەرچاوان بشنێمەوە...

ئەم شیعرەی هێمنمان وە بیر دێنێتەوە:
**تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە**
**بمدەیە ماچێکی تەڕ لەو لێوە تا جوان ببمەوە...**


«کەوش و کاڵەک و کۆیە و باڵەک»یش بە تەئییدی خۆی، لە حاجی وەرگیراون. ئەوانە هەستی منن لە خوێندنەوەی شیعرەکاندا، دەنا زۆر وا هەیە پەشێو ئەو شیعرانەی لاهووتی و نازم حیکمەتی تەنانەت جارێکیش نەخوێندبێتەوە. لەو گوندە بچووکەی ئێمەدا کە جیهان بێت، واهەیە زۆر شتی سەمەرە ڕوو بدات. وا هەیە تۆ لە ماڵی خۆتدا قسەیەک بکەیت کە دراوسێکەت لە ماڵێک ئەولاتر پێش تۆ کردبێتی، یا دوای تۆ بیکات و هیچکامیش ئاگاداری ئەوی دیکەتان نەبن. دەردی هاوبەش هەڵوێستی هاوبەش دەخوڵقێنێت و هەڵوێستی هاوبەش وا هەیە دەربڕینی هاوبەشی هەبێت.
لە باری فۆرمەوە، بابەتی کتێبەکە هەموو شیعری نوێن بە تایبەتمەندیی شیعری کوردی دوای گۆرانەوە، بەڵام چەشنە مەیلێک بۆ بەکارهێنانی سەروا لە زۆربەی زۆری شیعرەکاندا بەر چاو دەکەوێت، بڕوانە شیعری وەڵام، نەخشە، جاران و ئێستا و زۆرێکی دیکە. نموونەی شیعری عەرووزیش لە شیعرەکاندا کەم نین: «دێوەرە و کەر» و «هەڵچوون» و هەشتخشتەکییەکانی کۆتایی کتێبەکە، بەڵام من قورس و قایم لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەو شیعرە عەرووزییانە هەموویان لەڕاستیدا بڕگەیین و تەنیا بە هۆی شێوازی نووسین و مەسەلەی سەرواوە ڕواڵەتی عەرووزیان بە خۆوە گرتووە. پەشێو تا مۆخی ئێسقان ئەوینداری نەریت و یاسای کۆمەڵگای کوردە بە سوننەتی ئەدەبی و فۆلکلۆرەوە. وشەی شازی کوردی لە شیعرەکاندا سەلماندنێکە بۆ ئەو بۆچوونە و گەلێکیش ئاساییە ئەویندارییی فۆلکلۆری کۆن تەنیا لە وشە و تێرم و عیبارەتدا خۆ نەنوێنێت و باڵ بکێشێتە سەر فۆرم و قاڵبیش.
ئەوە نموونەیەکی زەق لە شیعری بڕگەیی ناو دیوانەکە:

**ئەوەی گرێیە بیکەرەوە بۆم**
**بە دوورگەی ئەودیو تەمم ئاشناکە**
**سنگت بەندەن و دەشتی مەفتەنە**
**ڕێی ڕەوەئاسکی پەنجەم والاکە**
**لەشێکێ دەماری گرێ تیا نەبێ**
**کۆتەرەدارە... داوەڵە... لاکە**
*(هەڵچوون)*

کە ژمارەی بڕگەکان حەوتن و تەنیا بە هۆی قافیە و جووت بە جووت نووسرانەوە وەک شیعری عەرووزی دەنوێنن. ئەوەش

نموونەیەکی ڕازاوەی تر لە شیعری بڕگەیی:
**زەردئەسمەرێکم لایە**
**ناوێرم بڵێم زێدە**
**لێ شیرینە وەک زێدی**
**دەنگی فینکایی کەپرە**
**مێرگی سینگ و بەرۆکی**
**بۆنی کەنێری لێ دێ**
*(دوو میوان)*

شیعرەکە هەروەها نیشاندەری ڕامانی شاعیرە لەنێوان دوو دڵدار و خۆشەویستدا: زەردئەسمەری شیرین و زێدی ڕەنگین.
ڤۆکابیولەری بەکارهێنراوی ناو شیعرەکان، ساکار، خۆمانە، ڕازاوە و پڕواتان. جگە لە چەند وشەیەکی ئەوروپایی (ئەلارم، کۆنتراکت، ئێکسپرێس، نەستالژی) یەک دوو وشەی فارسی (بەرجەستە، پەخش) و وشە و تێرمی عەرەبی ناو زمانی ئاسایی کوردی، دەستەوشەی بەکارهێنراوی شاعیر، کوردی و گەلێک جاریش پەتین: برووسکە، تاپۆ، پەلەقاژە، گوڵەکێویلە، دەسگیرکردن بە واتای وەچەنگخستن، دەستەملان، کووژەکە، دڵۆڤانی، سمین، زەردەپەڕ، چرکەسات، هەڵکورمان، کەوشەن، زەویزاد، تاتەشۆڕ، باڵسووک، سووکنایی، پەیڤ، پێڵ، ڕاهەژاندن، پێڕەوکە و... زۆرێکی تر.
لەکۆتاییدا، بێ جێ نابێت ئاماژە بە لایەنی چاپی کتێبی «بەرەو زەردەپەڕ» بکەم. عەبدوڵڵا پەشێو یەک لە قەڵەمبەدەستانی کوردە کە زۆرجار بۆتە قوربانی کەمتەرخەمیی بنکە چاپەمەنییەکان و شیعرەکانی بە هەڵەی زۆرەوە چاپ کراون. ئەم کۆمەڵەشیعرە بەپێچەوانەوە تەنگژەی وای نەهاتۆتە بەر و دەکرێت بڵێین لەم بارەیەوە گەلێک سەرکەوتووە. هۆی کارەکەش دەبێت ئەوە بێت کە لە دەرەوەی وڵات و لە ژێر چاوەدێریی شاعیر خۆیدا بڵاو بۆتەوە. لایەنی باشی ئەم کارە ئەوەیە کە لەجیاتی نەریتی نەگریسی «ژمارەی ئەسپاردن» کە بەداخەوە هەموو کتێبێکی کوردی پێ گلاو بووە و تەنانەت دوای ڕووخانی ڕێژیمی خوێنخۆری سەددامیش لە کوردستان ڕەچاو دەکرێت، لێرەدا ژمارەی ISBN دانراوە کە پێناسەیەکی جیهانییە و تەنیا بۆ مەسەلەی تۆمارکردنی کتێب لە کتێبخانەکانی جیهاندا بە کار دەهێنرێت، نەک بۆ سانسۆر و کۆنترۆڵ و چاوەدێریی دەسەڵات بەسەر مێشک و بیری بیرمەندانەوە.
من دەیان جار ئەو هاوارەم کردووە و تەنانەت نامەم بۆ پەرلەمانی کوردستان و کاربەدەستانی حکوومی لە هەردوو حکوومەت نووسیوە و تکام لێ کردوون ئەو ڕەقابە گلاوە لەسەر چاپەمەنی کوردی هەڵبگرن و پێش ئەوەی بەتەواوەتی بچنەوە ناو زگی عیراقەوە لە کوردستانی ئازاددا ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە بە کتێب بدەن و نووسەر و بڵاوکەرەوەی کتێب مەجبوور نەکەن بێن لە حزب و حکوومەت ئیجازەی چاپ وەربگرن، کێ دەزانێت سبەی ڕۆژ لەجیاتی ئێوە کێ لە پشت مێزی ڕەقابە دادەنیشێت؟ بەداخەوە تائێستا کەس گوێی نەداوەتە هاوارم و تەنیا چاپەمەنیی کوردیی دەرەوەی وڵاتە کە بەبێ ئیجازەی دەسەڵات بڵاو دەبنەوە و بەرەو زەردەپەڕیش یەک لەوانە.




لایەنێکی سەرکەوتووی دیکەی کتێبەکە، ڕەچاوکردنی خاڵبەندییە. کتێبی چاپکراوی باشووری کوردستان لەژێر شوێندانانی یاسای هەڵەی خاڵبەندیی چاپەمەنیی عەرەبیدا دارماڵی هەڵەی خاڵبەندین و لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی ئەمڕۆیی جیهاندا یەک ناگرنەوە. کتێبەکەی کاک عەبدوڵڵا پەشێو بەپێچەوانەوە، سەدانەوەدی خاڵبەندیی ستانداردی ڕەچاو کردووە و هیوایەکمان پێ دەبەخشێت کە ڕچەشکێنی مامۆستا ببێتە هۆی ڕەچاوکرانی ئەو لایەنە گرنگە و کورد بەو ڕاستییە بزانێت کە خاڵبەندی بەشێکە لە نووسین و وەک چۆن پیت و وشە پەیام ڕادەگەیێنن، خاڵبەندیش ڕاگەیێنەری ئەرک و پەیامە و تۆ ناتوانیت، بۆ نموونە، کەوان لەجیاتی کەوانۆکە و تەلبەند لەجیاتی کەوان دابنێیت ـ کارێک کە لە باشووری کوردستان ڕۆژانە دەکرێت و کەسیش نییە خەمی بخوات.

عەبدوڵڵا پەشێو، «بەرەو زەردەپەڕ»، چاپی یەکەم، سوید ٢٠٠١، ناشر؟ ISBN 952-91-4147-5